# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی ڕەسمیی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە(٣٢٨) سالی بیست وچوار ١ کانوونی یەکەم ٢٠٢٤زایینیی ١١ سەرماوەرز ٢٧٢٤ کوردی ٢٩ جمادی یەکەم ١٤٤٦ کۆچی

328



**فەرمانی هەرێمی ژمارە (٤١٧)ی سالی ٢٠٢٤** ١ لا

بانگهێشتکردنی کاندیدە دەرچووەکانی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی سالی ٢٠٢٤ وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن** ٢

ڕێنمایی تایبەت بە بواری پۆستە

**بەیانی ژمارە (٢١)ی سالی ٢٠٢٤ وەزارەتی ناوخۆ** ٢٩

هەمواری یەکەمی بەیانی ژمارە (١١)ی سالی ٢٠٢٤

**بەیانی ژمارە (٢٢)ی سالی ٢٠٢٤ وەزارەتی ناوخۆ** ٣٠

هێنانەکایەی گوندی (گەلوک نوی)

**بەیانی ڕاستکردنەوەی سالی ٢٠٢٤ وەزارەتی ناوخۆ** ٣١

**بەیانی ژمارە (١٧)ی سالی ٢٠٢٤ وەزارەتی داد** ٣٢

**بەیانی ژمارە (٢٥)ی سالی ٢٠٢٤ وەزارەتی تەندروستی** ٣٢



Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

ناونیشان: هەولێر - چوارڕیانی فرەنسوا میتران - باڵەخانەی وەزارەتی داد
تەلەفۆن: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Published by Ministry of Justice

العدد(٣٢٨) السنة رابعة وعشرون ١ كانونى الأول ٢٠٢٤ م. ١١ سەرماوەرز ٢٧٢٤ ك. ٢٩جمادي الأول ١٤٤٦ هـ.

328


| فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط | ص |
|---|---|
| مرسوم إقليمي رقم (٤١٧) لسنة ٢٠٢٤ | ١ |
| تعليمات رقم (٢) لسنة ٢٠٢٤ وزارة النقل والاتصالات | ٢ |
| بيان رقم (٢١) لسنة ٢٠٢٤ وزارة الداخلية | ٢٩ |
| بيان رقم (٢٢) لسنة ٢٠٢٤ وزارة الداخلية | ٣٠ |
| بيان تصحيح لسنة ٢٠٢٤ وزارة الداخلية | ٣١ |
| بيان رقم (١٧) لسنة ٢٠٢٤ وزارة العدل | ٣٢ |
| بيان رقم (٢٥) لسنة ٢٠٢٤ وزارة الصحة | ٣٢ |

No. 328 Date: December 1, 2024 - Vol.: 24

چاپخانەی شەهاب - هەولێر
٠٧٥٠ ٤٤٨ ٣٨٦٣

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

العنوان - أربيل - تقاطع فرانسوا ميتران - بناية وزارة العدل
تلفون: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

**کۆمـــاری عێراق**
**هـەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

**فەرمـــانی هـەرێمی**
**ژمارە(٤١٧)ی ساڵی ٢٠٢٤**

پاڵپشت بە حوکمی بڕگەی(سێیەم) لە ماددەی(دەیەم) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو ، بڕیارماندا بە :

**یەکەم:** بانگهێشتکردنی کاندیدە دەرچووەکانی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان - عێراق بۆ گرێدانی دانیشتنی یەکەم ، لە ڕێکەوتی (٢٠٢٤/١٢/٢) کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ .

**دووەم:** ئەم فەرمانە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت ، و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**نێچیرڤـــان بـارزانی**
**سـەرۆکی هـەرێمی کـوردستان**

**هەولێر**
**٢٠٢٤/١١/٢٦**

**وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن**
**ژمارە: ٤٠٩٧ لە ٢٠٢٤/١١/٧**

پاڵپشت بە ماددەی دووەم بڕگەی (پێنجەم) و (حەوتەم) لە یاسای وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١٩) ساڵی٢٠١١ ، بڕیارماندا بەدەرکردنی ئەم ڕێنماییە:-

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤**
**ڕێنمایی بواری پۆستە**

**ماددە (١): پێناسەکان**

١- **حکومەت:** حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
٢- **وەزارەت:** وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن
٣- **وەزیر:** وەزیری گواستنەوە و گەیاندن
٤- **بەڕێوەبەرایەتی گشتی (ب. گ.):** بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆستە و گەیاندن یەکێکە لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن. ئەرکی بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی کەرتی پۆستە و گەیاندنە لە سنووری هەرێمی کوردستان.
٥- **بەڕێوەبەری گشتی:** بەڕێوەبەری گشتی پۆستە و گەیاندن لە وەزارەتی گواستنەوە وگەیاندنحکومەتی هەرێمی کوردستان.
٦- **بەرێوەبەرایەتی پۆستەی هەرێم** : بەرێوەبەرایەتیەکە سەر بەبەرێوەبەرایەتی گشتی پۆستەو گەیاندن.
٧- **بەرێوەبەرایەتی پۆستەو گەیاندن : مەبەست لە** بەرێوەبەرایەتی پۆستە یاخود پۆستەوگەیاندنن لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان .
٨- **یەکێتی پۆستەی جیهانی،** (Universal Postal Union) (UPU): ڕێکخراوێکی جیهانیە و سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکانە لە بواری پۆستەدا، پۆستە لە نێوان وولاتانی جیهان ڕێکدەخات، بەبەردەوامی یاسا و ڕێسا و ڕێنمایی بۆ گشت پۆستەی وولاتانی جیهانی دەردەکات و هەموو وولاتانی ئەندام لەم ڕێکخراوە دەبێت پابەندی ڕێنماییەکانی یەکێتی پۆستەی جیهانی بن هەروەها، چوار ساڵ جارێك کۆنگرە دەبەستێت و کاروچالاکیەکانی بە هەڵبژاردن ڕێکدەخاتەوە وبارەگای لە شاری (بێرن)ی وولاتی سویسرایە .
٩- **سەنتەری ئاڵوگۆڕی پۆستەی ناوخۆ:** هەموو کارەکانی ئاڵوگۆڕی پۆستەی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و شارەکانی تری عێراق لەم سەنتەرە جێبەجێ دەکرێت.
١٠-**سەنتەری ئاڵوگۆڕی پۆستەی نێودەوڵەتی:** نێردراوی پۆستە (إرسالية) لە هەرێمی کوردستان بۆ هەموو وولاتانی جیهان دەنێرێتە دەرەوە. بە بڕیاری (بڵاوکراوەی) ژمارە (٩٨) لە ڕێکەوتی (٢٠٠٨/٣/٣١) لە یەکێتی پۆستەی جیهانی دامەزراوە و کۆدی (IQEBLA) بۆ تەرخانکراوە.

١١-**نوسینگەی پۆستە:** دامەزراوەیەکی خزمەتگوزاری پۆستەیی حکومیە کە لە سنوورێکی دیاریکراو بەپێی ژمارەی دانیشتوان و شوێنی جوگرافی دادەمەزرێت.

١٢- **پولی پۆستە:** کاغەزێکی بەهاداری چاپکراوە، کە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن دەریدەکات، بەکاردەهێنرێت لەبڕی کرێی ناردنی پۆستە بەپێی پێناسی پۆستەیی.

١٣- **پێناسی کرێی پۆستە (تعرفة الاجور البريدية):** ئەو پێناسەیە کە وەزارەت دەریدەکات بە گوێرەی جۆری خزمەتگوزاریەکانی پۆستە، کە بەها و بڕەکەی بە گوێرەی جۆر و کێش و قەبارەی پۆستەکە و دووری شوێنی مەبەست و یاسا و ڕێنماییەکانی بواری پۆستە دیاری دەکرێت و لە سوودمەندانی خزمەتگوزارییەکانی پۆستەکە وەردەگیرێت.

١٤- **جۆرەکانی پۆستە:**

أ- **نامە:** بریتیە لە هەر کاغەزێکی نوسراو یان چاپکراو یان بەڵگەنامەیەکی فەرمی، لە زەرفێکی داخراودا کە ناکرێتەوە بەبێ دڕاندن، بە مەبەستی ناردن بە کێشی دیاریکراو لەنێوان (١ گم تا ٢،٠٠٠ گم).

ب- **کارتی پۆستەیی:** بریتیە لە کارتێکی تەنک کە دوو لای هەیە، لایەکی وێنەیەکی تێدایە تایبەتە بەبۆنەکان، وەلاکەی تری بۆ نووسینە، ئەم کارتە بەبێ بەکارهێنانی زەرفی نامە و پشتێنە دەنێردرێت، نرخەکەی نیوەی بەهای ناردنی نامەیە.

ج- **پێچراوی بچووك (رزمة):** لە شێوەی پاکەت یان زەرفێکی بچووکدایە و کەلوپەلی تیادا دادەنرێت بە تایبەتی بەهادار، بە مەرجێك کێشی لە (٢،٠٠٠ گم) زیاتر نەبێت. پێچراوی بچووک ڕەسمی گومرگی لێوەرناگیرێت.

د- **پێچراوی گەورە (طرود):** نێردراوێکە، کێشی لە نێوان (٢،٠٠٠ گم تا ٢٠،٠٠٠ گم). پێویستە کەلوپەلەکانی بەپێی ڕێنمایی پۆستەی نێودەوڵەتی و حکومەتی هەرێم ڕێگا پێدرابێت و ڕەزامەندی فەرمانگەی گومرگی لەسەر بێت و بەخشتەی تایبەتی نێودەوڵەتی ڕەوانە دەکرێت.

ه- **چاپەمەنیەکان (مطبوعات):** بریتیە لە ڕۆژنامە و نامیلکە و گۆڤار و پەرتوك و ڕیکلامەکان، هەروەها، چاپەمەنی تایبەت بە نابینایان کە لە ڕێگەی پۆستەوە ئاڵوگۆڕ دەکرێت.

و- **سندوقی پۆستە:** (post office box)(P.O. Box) ئەو سندوقەیە کە لە نووسینگەکانی پۆستە دادەنرێت بە شێوەی کابینە، هەر سندوقێک ژمارەی تایبەتی خۆی هەیە و دەتوانرێت قفڵ بکرێت،ئەم سندوقە تەرخاندەکرێت بۆ هاووڵاتی و دامودەزگاکان و کۆمپانیاکان و لایەنی تر بە مەبەستی بەکارهێنانی لە ئاڵوگۆڕی پۆستە بە کرێیەکی ساڵانە کە بەپێی جۆری بەکارهێنەر نرخەکەی دیاریدەکرێت. سندوقی پۆستە دەکرێت بەرجەستە بێت بەشێوەی فیزیکی، وە دەکرێت بە شێوەی دیجیتاڵی یاخود گریمانکراو (virtual) دابین بکرێت، واتە تەنها ژمارەی سندوقەکە تەرخان دەکرێت

س- **سندوقی نامە:** ئەو سندوقەیە کە لە شەقامە گشتییەکان و شوێنە تایبەتیەکان دادەنرێت تاوەکو هاووڵاتیان سوودی لێوەربگرن بەدانانی نامەکانیان لە رێگای ئەم سندوقانە.

ک- **پاشەکەوتی پۆستەیی (التوفیر البریدي):** بوارێکی گرنگی کاروباری پۆستەیە کە هاووڵاتیان دەتوانن پارەی خۆیان لە نووسینگەکانی پۆستە بەپێی رێنمایەکانی ئەم بوارە پاشەکەوت بکەن، ئەمەش بە سوودی هاوبەش دەگەرێتەوە بۆ هاووڵاتی و حکومەت ، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن بەپێی یاسای پاشەکەوتی عێراقی ژمارە (٢٠) ساڵی (١٩٧٢)، دەتوانێت وەبەرهێنان لە پارەی پاشەکەوتدا بکات. هەروەها، هاووڵاتی دەتوانێت سوودی پاشەکەوت ڕەتبکاتەوە و وەرینەگرێت.

ل- **حەواڵەی پۆستەیی:** یەکێکە لە خزمەتگوزاریە داراییەکانی بواری پۆستە کە لە رێگەیەوە دەتوانرێت بەکارهێنەرانی پۆستە حەواڵەی دارایی ئەنجام بدەن بەگوێرەی رێکاری تایبەت بەو خزمەتگوزاریە.

١٥- **پۆستەی خۆراک (ناردنی خۆراکی ئامادەکراو):** ئەو خواردنانە دەگرێتەوە کە لەلایەن کۆمپانیاکانی دیلیڤەری دەگوازرێنەوە، بە مەرجی خراپ نەبوونی و گواستنەوەی لە کاتێکی دیاریکراودا. هەروەها، جێبەجێکردنی سەرجەم مەرج و رێکارە تەندروستیەکان.

١٦- **پۆستەی گوازراوە (دیلیڤەری):** بە گشتی ئەو پۆستانە دەگرێتەوە کە لەلایەن کۆمپانیاکانی دیلیڤەری دەگوازرێنەوە، بە مەرجی جێبەجێکردنی سەرجەم رێکارە یاسایی و خۆپارێزی وتەندروستیەکان.

١٧- **پۆستەی بازرگانی ئەلیکترۆنی (برید التجارة الالکترونیة):** ئەو پۆستانەیە کە لەرێگەی پێگە ئەلیکترۆنیەکانەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و دەگوازرێنەوە بۆ هاووڵاتیان، بەهەمان رێنمایی ورێکارەکانی بواری پۆستە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

١٨- **مۆڵەتی کارکردن:** بریتیە لە رێپێدانی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن بە هەر کۆمپانیایەک تاوەکو کار بکات لە بواری پۆستە، بە مەرجی هەبوونی گرێبەستی یاسایی لەگەڵ وەزارەت وپابەندبوونی هەبێت بە سەرجەم یاسا و رێنماییەکانی بواری پۆستەی وەزارەتی گواستنەوە وگەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

١٩- **لیژنەی باڵای پۆستە:** بریتیە لە لیژنەیەک لە وەزارەت، کە سەرپەرشتی کاری سەرجەم کۆمپانیا **مۆڵەتپێدراوەکانی** بواری پۆستە دەکات لە هەرێمی کوردستان، ئەم لیژنەیە هەڵدەستێت بەهەڵسەنگاندن و پەسەندکردنی داواکاری کۆمپانیاکان سەبارەت بە وەرگرتنی مۆڵەتی کارکردن هەروەها، لەرێگەی راپۆرتی بەردەوامی لیژنەکانی بواری پۆستە لە بەرێوەبەرایەتیەکانی سەر بەوەزارەت ئاگاداری کاری کۆمپانیاکان دەبێت، ئەم لیژنە باڵایە دەبێت لە سێ کەس کەمتر نەبێت وبە سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی بەرێوەبەری گشتی پۆستە و گەیاندن کارەکانیان جێبەجێدەکەن.

٢٠- **لیــژنەی بەدواداچــوون لە بەڕێوەبەرایەتیەکــان:** بــریتیە لە لیــژنەی سەرپەرشــتی گشــتی وبەدواداچـوونی کـاری سـەرجەم کۆمپانیـا مۆڵەتپێـدراوەکانی بـواری پۆسـتە لە سـنووری کـاری بەڕێوەبەرایەتیەکـانی سـەر بە وەزارەت، ئەم لیژنـانە بە شـێوەی بەردەوام ڕاپـۆرتی کـارو چـالاکی کۆمپانیاکــانی بــواری پۆســتە بەرز دەکەنەوە بــۆ لیــژنەی بــاڵا لە وەزارەت بــۆ دیراســەکردن و بڕیاردان،ئەم لیژنانە دەبێت لە پێنج کەس کەمتر نەبن و بە سەرپەرشتی (بەڕێـوەبەری پۆسـتە) لە سنووری هەر بەڕێوەبەرایەتیەکی سەر بە وەزارەت کارەکانیان جێبەجێدەکەن.

٢١- **لیــژنەی بەدواداچــوون لە نوسـینگەکانی ســەر بە بەڕێوەبەرایەتیەکــان:** بــریتیە لە لیــژنەی بەدواداچوونی کاری کۆمپانیا مۆڵەتپێـدراوەکانی بـواری پۆسـتە لە سـنووری کـاری نووسـینگەکانی سـەر بە بەڕێوەبەرایەتیەکـانی سـەر بە وەزارەت. ئەم لیژنـانە هاوکـاری (لیـژنەی بەدواداچـوون لە بەڕێوەبەرایەتیەکان) دەبن، ئەم لیژنـانە بە شـێوەی بەردەوام ڕاپـۆرتی کـارو چـالاکی کۆمپانیاکـانی بواری پۆستە لە سنووری کاری خۆیان بەرز دەکەنەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکـانی خۆیـان، ئەم لیژنـانە دەبێت لە سێ کەس کەمتـر نەبـن و بە سـەرۆکایەتی (لێپرسـراوی نووسـینگە)ی هەر نـاوچەیەک لە سنووری هەر بەڕێوەبەرایەتیەکی سەر بە وەزارەت کارەکانیان جێبەجێدەکەن.

٢٢- **پۆستەبەر (پۆستەچی):** ئەو فەرمانبەرەیە کە کاری گەیاندنی پۆستە دەکات، پێویسـتە سـەرجەم ئەو مەرجانەی تێدابێت کە وەزارەت دیاریدەکات کە دەبێت لە کەسێکی پۆستەبەردا هەبێت.

٢٣- **پۆستە**: پۆستە لە هەرێمی کوردستان.

٢٤- **کۆمپانیـا**: کۆمپانیاکـانی کەرتـی تـایبەت کە لە بـواری کاروبـاری پۆسـتە لە هەرێمـی کوردسـتان کار دەکەن.

٢٥- **بریکـاری پۆسـتەی ئەهلـی:** بـریتیە لەو کۆمپانیـایەی کە کـاری پۆسـتەیی دەکـات لە سـنوورێکی دیـاریکراودا بە هەمـاهەنگی لەگەڵ کەرتـی پۆسـتەی حکومی بەگـوێرەی گرێبەسـتێک کە لە نێـوان هەردوولادا واژوو دەکرێت.

٢٦- **کۆمپانیاکانی پۆستەی گوازراوە (دیلیڤەری):** سەرجەم ئەو کۆمپانیایانە دەگرێتەوە کە لەڕێـگەی پۆستەی گوازراوە (دیلـیڤەری) پۆسـتە دەگـوازنەوە، جـا بـابەتی پۆسـتەی گـوازراوە هەر بـابەتێکی ڕێگەپێدراوبێت بە گوێرەی یاساو ڕێنماییە بەرکارەکان، گواسـتنەوەی خـۆراک و خـواردەمەنی، یـان هەر کەلوپەل و شمەکێکی تر کە بگوازرێتەوە بۆ هاووڵاتیان کە بە ئۆنلاین یـاخود بە تەلەفـۆن یـان هەر شـێوازێکی تـر بکرێـت دەچێـتە ژێـر پێناسـەی پۆسـتەی گـوازراوە (دیلـیڤەری) وە پێویسـتە بەگوێرەی ئەم ڕێنماییە کۆمپانیـا مـۆڵەتی فەرمـی لە وەزارەتـی گواسـتنەوە و گەیانـدن وەربگرێـت وگرێبەستی کارکردن واژوو بکات.

٢٧- **پشــکنەر (مفــتش):** ئەو فەرمــانبەرەی پۆســتەیە کە کــاری بــریتیە لە پشــکنینی ســەرجەم نووسینگەکانی پۆستەی حکومی و بریکاری پۆستەی ئەهلـی بـۆ سـەرجەم کارەکـانی پەیوەسـت بە بواری پۆستە، هەروەها، پێشکەشکردنی ڕاپۆرت سەبارەت بە کارو چالاکیەکانی.

**ماددەی (٢): مۆڵەتی خزمەتگوزاری پۆستەیی کەرتی تایبەت**

**یەکەم:** هیچ کۆمپانیا و لایەنێک بۆی نیە کاری پۆستەیی بکات لە هەرێمی کوردستان بەبێ هەبوونی مۆڵەتی فەرمی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن و هەبوونی گرێبەست لەگەڵ وەزارەت.

**دووەم: مەرجەکانی (مۆڵەتی) ڕێپێدانی کارکردن بۆ کۆمپانیاکانی بواری پۆستە:**

١- پێشکەشکردنی داواکاری (نوسراوی فەرمی) بە وەزارەت بە مەبەستی وەرگرتنی مۆڵەت.

٢- پێشکەشکردنی گشت بەڵگەنامەکانی تایبەت بە کۆمپانیا و زانیاری سەبارەت بە شوێن و قەبارەی کۆمپانیاکەی بە مەبەستی پەسەند کردنی لەلایەن لیژنەی (لیژنەی باڵای پۆستە) لە وەزارەت.

٣- دەبێت کۆمپانیا (ناوخۆیی یان بیانی) تۆمار کرابێت بەپێی ئەحکامی یاسای تۆماری کۆمپانیاکان ژمارە (٢١)ی ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو، و بەرکار بەیاسای ژمارە (٢٨)ی ساڵی ٢٠٠٧ لەهەرێمی کوردستان لەبواری پۆستەدا هەروەها دەبێت ئەستۆپاکی باجی دەرامەت پێشکەش بکات.

٤- نابێت هیچ کەس لە دامەزرێنەرانی کۆمپانیا، یان بەڕێوەبەرەکانی فەرمانبەری حکومی بن، وە نابێت حوکم درابن بە تاوانی کەتن یان (جنايات مخلة بالشرف)، وە یان حوکمی مایە پووچی (افلاس) ئەگەر اعتباریان بۆ نەگەڕابێتەوە.

٥- پێویستە کۆمپانیای داواکار ئۆفیس و کۆگای هەڵگرتن و پاراستنی پۆستەکانی هەبێت کە گونجاو بێت بۆ کاروباری پۆستە هەروەها پێویستە سەرجەم مەرجەکانی تایبەت بە شوێنی هەڵگرتن وپاراستنی پۆستە و کەلوپەلەکان جێبەجێ بکات وەکو لە بڕگەی (٦) لە ماددەی (٢)ی ئەم ڕێنماییەدا هاتووە.

٦- لە پاش دڵنیابوون لەوەی کە سەرجەم زانیاری و پێداویستیەکانی کۆمپانیای داواکار بێ کەموکوڕیە،ئەوا لە لایەن وەزارەتەوە نووسراو دەکرێت بۆ لایەنی ئەمنی بەمەبەستی ڕاو بۆچونیان.

٧- هەر داواکاریەک هەر یەکێک لەو مەرجانەی سەرەوەی تێدا نەبێت مۆڵەتی پێنادرێت.

**سێیەم: مۆڵەت ئەم بەڵگەنامە و زانیاریانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:**

١- ناوی خاوەن مۆڵەت و ناونیشانی، ئیمەیڵ و ژمارەی تەلەفۆن یان مۆبایل.

٢- مێژووی دەرچوونی مۆڵەت و ماوەی کارپێکردنی.

٣- ناوی کۆمپانیا و جۆری چالاکیەکان و سنووری کارکردنی.

٤- هەر زانیاریەکی تر کە پێویست بێت تۆمار بکرێت.

**چوارەم: پۆلێنکردنی مۆڵەت:**

١- **مۆڵەتی سەرتاسەری هەرێم:** کۆمپانیا دوای وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی لە لایەن وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن بۆی هەیە لەهەر شوێنێك لەناو سنووری هەرێمی کوردستان لقەکانی بکاتەوە

٢- **مۆڵەتی پارێزگا (یان ئیدارە سەربەخۆکان):** خاوەنەکەی بۆی هەیە تەنها لە سنووری یەك (پارێزگا) یان (ئیدارەی سەربەخۆ) کاربکات و لقەکانی تەنها لەو پارێزگایە (یان ئیدارەیە) بکاتەوە کە مۆڵەتی بۆ وەرگرتووە.

**پێنجەم: گۆڕینی مۆڵەت:** خاوەن مۆڵەت بۆی هەیە داواکاری پێشکەش بە وەزارەت بکات بە مەبەستی گـۆڕینی پـۆلێنی مـۆڵەتەکەی وەکـو لە بـڕگەی (٤)، لە حـاڵەتی (١) بـۆ حـاڵەتی (٢) هـاتووە، وە بەپێچەوانەوە، لە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیداری شوێنی کارکردنی نوێ.

**شەشەم: مەرجەکانی کارکردن:** دەبێـت خـاوەن مـۆڵەت و کۆمپانیـای مۆڵەتپێـدراوی بـواری پۆسـتە بەم خاڵانەی خوارەوە پابەند بێت:

١- پێویستە ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەشی دەکەن لە ئاستی پێویستیەکان بێت بەپێـی سـتانداردی جیهانی.

٢- چاپکردن و لێدانی هێماکانی پۆستەیی تایبەت بە کۆمپانیا کە دەیگوازنەوە یان دابەشی دەکەن، وە پێویسـتە کارمەنـدەکانی کۆمپانیـا جـل و بەرگـی تایبەتیـان لەبەردابێـت و بناسـرێنەوە کە کـاری پۆستەیی دەکەن، وە لۆگۆ و ناوی کۆمپانیا بە چاکەت و کڵاوەکەیانەوە هەبێت هەروەها، پێویسـتە لۆگۆ و نـاوی کۆمپانیـا بە هۆکارەکـانی گواسـتنەوەی کەلـوپەلی پۆسـتەییەوە بێـت (ئۆتۆمبێـل) کە تایبەتن بە کۆمپانیا.

٣- سەرجەم هۆکارەکانی گواستنەوەی کەلوپەلی پۆسـتە، تەنهـا بـۆ مەبەسـتی پۆسـتە بەکاربێـت و بـۆ هیچ مەبەستێکی تر بەکار نەیەت.

٤- گەیاندنی هەموو هەناردەکان بۆ ناونیشانی نێردراو کە لەسەری تۆمارکراوە، هەروەها گەڕانـدنەوەی بۆ خاوەنەکەی ئەگەر گەیاندنی ئاستەم بوو، یاخود بەدەربوو لە توانـای پۆسـتەبەر، بە پـێچەوانەوە بەرپرسیار دەبێت.

٥- پارێزگاری کردن لە نهێنی زانیاریەکانی پەیوەست بە سەرجەم پۆستەکان، وەکو، نێـردەر و وەرگـری پۆستە و سوودمەندانی پۆستە (بەکـارهێنەرانی پۆسـتە) و تایبەتمەنـدی نێردراوەکـانی پۆسـتەیی، بەپێچەوانەوە بەرپرسیار دەبێت بەپێی یاسا.

٦- دەرکردنی بڵاوکراوەی زانیاری و هەڵواسینی نرخ و خزمەتگوزاریەکـان لە شـوێنی کـارکردن و پـێگە ئەلیکترۆنیەکان.

٧- ئاگادارکردنەوەی وەزارەت لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ سەبارەت بە هەر گۆڕانکاریەك لە زانیاریەکانی هـاتوو لە داواکـاری مـۆڵەت هەروەهـا هەر گۆڕانکـاریەك لە هێمـای پۆسـتەیی (لۆگـۆ) تـایبەت بە کۆمپانیـا بکرێت پێویستە پێش وەخت ئاگاداری وەزارەت بکرێتەوەو ڕەزامەندی وەربگیرێت.

٨- پێویستە پۆستەکان بە شێوازی گونجاو بپێچرێنەوەو هەر پۆستەیەک کۆدی تایبەتی خـۆی هەبێـت بە مەبەستی بەدواداچوون هەروەها پێویستە کۆمپانیا زانیاری تەواو و دروستی لەبەردەست بێـت سـەبارەت بە نێـردەر و وەرگـر، وەکـو (نـاوی تەواو، ناونیشـان، ژمـارەی پەیوەنـدی، نرخـی نـاردنی پۆستە). هاوکات، کۆمپانیا پسولەی پارە وەرگرتن بدات بە کەسی پەیوەندیدار بە پۆستەکە (نێردەر یان وەرگر).

٩- پێویستە کۆمپانیا ئامێری سۆنەری هەبێت بە مەبەستی پشکنینی پۆستەکان بۆ کەلوپەلی قەدەغەکراو هەروەها پێویستە سەرجەم پۆستەکان لەدوای پشکنین بە ئامێری سۆنەر ستیکەری (لەزگە) تایبەتی لێبدرێت کە پیشانی بدات کە ئەو پۆستە پشکنینی بۆ کراوەو هیچ بابەتێکی قەدەغەکراوی تێدا نیە بە مەبەستی ڕێکخستنی ئەم بابەتە وەزارەت دەتوانێت گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیای تایبەتمەند بکات بۆ سەرپەرشتیکردنی ئامێری سۆنەر کە بەپێی ستاندەرد بێت و سەرجەم کۆمپانیاکان مەرجە کە پابەندبن و هاوکاربن بە گرتنەبەری ڕێکارە پێویستەکان بۆ ڕێکخستنی بواری پۆستە و پشکنینی سەرجەم پۆستەکان تاوەکو هیچ بابەتێکی قەدەغەکراو نەگوازرێتەوە.

١٠-پێویستە کۆمپانیا خولی بەردەوام بکاتەوە بۆ کارمەندەکانی بە مەبەستی ڕاهێنانیان وبەرزکردنەوەی ئاستیان، وە ئاشناکردنیان بە یاساو ڕێنماییەکانی بواری پۆستە هەروەها مامەڵەی دروست و گونجاو لەگەڵ بەکارهێنەرانی پۆستە، (هەروەها، پێویستە بڕوانامەی تایبەت بە خولەکان بدرێت بە کارمەندەکان کە پیشانی بدات بەشداری ئەو خولانەیان کردووە).

١١-پێویستە کۆمپانیا بڕوانامەی ڕێپێدان لە ئۆفیسی کارکردن هەڵبواسێت.

١٢- دەبێت سیستەمی کامێرای چاودێری بە کوالیتی بەرز دابمەزرێت و بەشێوەی بەردەوام ئیش بکات و زانیاریەکان ڕیکۆرد بکات.

١٣- پێویستە سەرجەم کارمەندانی پۆستەبەر و ئەوانەی کە بەرکەوتنیان لەگەڵ هاووڵاتیاندا هەیە، زمانی کوردی بەباشی بزانن (قسەکردن، خوێندنەوە، نوسین، تێگەیشتن).

١٤- پێویستە کۆمپانیا تۆماری ناو و زانیاری و ئەرک و بەرپرسیارێتی سەرجەم کارمەندەکانی بەشێوەی ڕاست و دروست ساڵانە بدات بە وەزارەت، لەکاتی گۆڕانکاری لە زانیاریەکان وەزارەت ئاگاداربکاتەوە.

١٥- پێویستە سەرجەم کارمەندانی کۆمپانیای داواکار پشتگیری لە (بەڵگەی تاوان) پێشکەش بکەن و نابێت حوکم درابن یان بدرێن بە تاوانی کەتن یان (جنايات مخلة بالشرف).

١٦- پێویستە کۆمپانیا سیستەمێکی کۆمپیوتەری پارێزراوی هەبێت کە تیایدا سەرجەم جموجۆڵی پۆستەیی لەخۆ بگرێت.

١٧- پێویستە کۆمپانیا لە ڕێگەی لینکێکی ئینتەرنێتی پارێزراو زانیاری لەسەر سەرجەم جموجۆڵی پۆستە بدات بە وەزارەت یاخود لیژنەی سەرپەرشتی لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی پۆستەی سەر بەوەزارەت ئەمەش بە مەبەستی ئەژمارکردنی ڕێژەی داهاتی وەزارەت بە شێوەیەکی دروست هەروەها، دابینکردنی لینک و کۆمپیوتەر و هەر بابەتێکی پەیوست بە بابەتی ژمێریاری دەکەوێتە ئەستۆی کۆمپانیا.

١٨- پێویستە کۆمپانیا ساڵانە سەرجەم بڕی شایستە داراییەکان بدات بە وەزارەت لە کاتی خۆیدا کە لە گرێبەست و وردەکاری دیاریدەکرێت.

١٩- کۆمپانیا دەبێت پابەند بێت بە سەرجەم یاسا و ڕێنمایی و بڕیارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٢٠- کۆمپانیا بەرپرسە لە هەڵگرتن و گواستنەوەی کەلوپەلەکان وە پاراستنیان و گرتنەبەری ڕێکاری پێویست و گونجاو بۆ ئەو مەبەستە.

٢١- کۆمپانیای مۆڵەت پێدراو پێویستە پابەندبێت بە نەگواستنەوەی هەر پۆستەیەک کە لە لیستی قەدەغەکراوەکاندا بێت.

٢٢- کۆمپانیاکان بۆیان نیە پۆستە لە نێوان خۆیاندا ئاڵوگۆڕ بکەن بەبێ ئاگاداری و ڕەزامەندی فەرمی وەزارەت.

٢٣- هەر نێردراوێکی پۆستەیی بە ناونیشانی کۆمپانیا لە ڕێگای پۆستەی حکومەت بۆی بێت، دەبێت کۆمپانیا دابەشی بکات هەروەها وەرگرتنی بەڵێننامەی دەستی لە خاوەن کۆمپانیا لە کاتی بوونی هەر بڕە پارەیەک سەبارەت بە پۆستەی هەناردە کراو دەکەوێتە ئەستۆی کۆمپانیا.

**حەوتەم: ڕاگرتنی مۆڵەت**

ئەگەر کۆمپانیای ڕێگەپێدراوی بواری پۆستە هەر سەرپێچیەك بکات لە ئەحکامی یاسای پۆستەی عێراقی یان ڕێنماییەکانی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری پۆستە ، وە یان هەر مەرجێك لە مەرجەکانی مۆڵەت و گرێبەستی واژووکراو، وە یان بەڵێننامەی دەست نووس (تعهد خطي) کە لە لایەن خۆیەوە واژوو کرابێت، ئەوا ئاگادار دەکرێتەوە کە لە ماوەی (١٥) ڕۆژ ئەو سەرپێچیانە نەهێڵێت، بە پێچەوانەوە مۆڵەتەکەی هەڵدەپەسێردرێت تاوەکو سەرپێچیەکانی وەلا دەنێت.

**هەشتەم: هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت**

أ- وەزارەت بۆی هەیە مۆڵەتی کۆمپانیا هەڵبوەشێنێتەوە (الغاء) لە هەر یەکێک لەم حاڵەتانەی خوارەوە:

١- ئەگەر ڕاگرتنی مۆڵەت بۆ ماوەی (١٥) ڕۆژ دووبارە بووە ، وە یان (٦٠) ڕۆژی پچرپچڕ لە ماوەی ساڵێکدا.

٢- ئەگەر لەکاتی ڕاگرتنی مۆڵەت بەردەوام بوو لە گواستنەوەی نێردراوی پۆستەیی.

٣- ئەگەر گواستنەوە و دابەشکردنی نێردراوی پۆستەیی ڕابگرێت لەبەر هەر هۆیەك بێت تەنانەت ئیفلاس و یەکلایی کردنەوەی (تصفیة) کۆمپانیاش بێت.

٤- لە کاتی لە دەستدانی هەر مەرجێك لە مەرجەکانی مۆڵەت و کاری پێویست ئەنجام نەدات بەڕاستکردنەوەی بارودۆخەکە لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتی لە دەستدانی مەرجەکە.

٥- ئەگەر خاوەن مۆڵەت ماوەی (٩٠) ڕۆژ دوای بەسەرچوونی مۆڵەتەکەی داواکاری نوێکردنەوە پێشکەش نەکات.

٦- لەسەر داواکاری خاوەن مۆڵەت بە نوسراوی فەرمی و دوای ڕەزامەندی وەزارەت، (دەست بەرداربوون لە مۆڵەت).

٧- هەر کۆمپانیایەک شایستەی دارایی لەکاتی خۆیدا نەدات ئەوا بە نوسراوی فەرمی ئاگادار دەکرێتەوە و لە پاش گرتنەبەری ڕێکارەکان مۆڵەتەکەی هەڵدەوەشێتەوە.

٨- لە کاتی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی کۆمپانیا، پێویستە کۆمپانیا سەرجەم شایستە داراییەکان کە لە ئەستۆیەتی پاکتاو بکات تاوەکو ڕێکەوتی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکەی.

ب- کۆمپانیای پۆستەیی کە مۆڵەتی هەڵبوەشێتەوە، ناتوانێت داوای مۆڵەتی نوێ بکات پێش تێپەڕبوونی ساڵێك لە ڕێکەوتی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی پێشووی.

**نۆیەم: تانەدان لە هەڵوەشاندنەوە و ڕاگرتنی مۆڵەت:** خاوەن مۆڵەت بۆی هەیە تانە (اعتراض) پێشکەش بە وەزارەت بکات لە کاتی ڕاگرتن یان هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکەی لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا.

**دەیەم: تەواوکردنی گەیاندنی نێردراوە پۆستەییەکان:** لەکاتی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت بە مەبەستی تەواوکردنی گەیاندنی نێردراوە پۆستەییەکان کە لە ئەستۆی (کۆمپانیا) بەکاربەردایە، خاوەن مۆڵەت دەبێت پابەندبێت بە بەردەوامبوونی لەکارکردن بۆ ماوەی (١٥) ڕۆژ بە مەبەستی کۆتایی هێنان بە گەیاندنی گشت نێردراوە پۆستەییەکان کە لە ئەستۆیدایە و دەبێت لەسەر ئەرکی خۆی جێبەجێی بکات.

**یانزەیەم: زانیاری دەربارەی مۆڵەت**

١- ماوەی مۆڵەتی کارکردنی کۆمپانیاکان بۆ (٢) دوو ساڵە لە ڕۆژی دەرچوونی ئەژمار دەکرێت، دوای کۆتایی هاتنی بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەت نوێ دەکرێتەوە.

٢- خاوەن مۆڵەت مافی ڕەفتاری نیە (حق التصرف) ڕێگەپێدان لەسەر ئەم مۆڵەتە بدات بە هیچ لایەنێکی تر بەبێ ڕەزامەندی وەزارەت.

٣- کۆمپانیاکانی خاوەن مۆڵەت بەرپرسیار دەبن ئەگەر دەربکەوێت لە نێوان خۆیان ڕێککەوتن لەسەر نرخی خزمەتگوزارییەکان دەکەن، بەپێی یاسا لێپێچینەوەیان لەگەڵ دەکرێت.

٤- دەبێت کۆمپانیاکان وەزارەت ئاگادار بکەن سەبارەت بە نرخی گواستنەوەی پۆستە.

**دوانزەیەم: پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی کار و چالاکی:**

أ- دەبێت خاوەن مۆڵەت ڕاپۆرتی تایبەتی وەرزی (٣) سێ مانگ جارێک پێشکەش بە وەزارەت بکات وڕاپۆرتەکەش ئەم خاڵانەی خوارەوە لە خۆ بگرێت:

١- کورتەیەك لەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەشی کردووە.

٢- پوختەی کۆی ژمارەی ئاڵوگۆڕی پۆستەیی کە هەستاوە بە گواستنەوە و دابەشکردنی و کێشی وسەرچاوەکەی، نێردەر و وەرگر پۆلین بکرێت و بەپێی شار و وڵات لە هەناردەکردن وهاوردەکردندا و بەشێوەی مانگانە جیا بکرێتەوە.

ب- لە کاتی پێویست وەزارەت ڕەچاوی بڵاونەکردنەوەی زانیارییەکانی مۆڵەت پێدراو بکات، ئەگەر ڕێگەپێدراو بە نووسراو ئەم داواکاریەی پێشکەش بکات.

**سیانزەیەم: ئاگـادارکردنەوە بـۆ کۆمپانیاکـان:** هەر ئاگـادارکردنەوەیەك کە بە نووسـراو دەردەچێـت لە وەزارەت بۆ کۆمپانیای مۆڵەتپێدراو بەپێـی یاسا ورێنمـاییە گشـتیەکانی ئاگـادارکردنەوە دەبێـت لە ڕووی شێوەو ڕێکارو ماوە.

**چواردەیەم: جێبەجێکردنی ڕێنمایی و ڕوونکردنەوە:**

١- هەر کۆمپانیایەکی بواری پۆستە لە دوای (٩٠) ڕۆژ لە دەرچوونی ئەم ڕێنماییە و بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بەبێ مۆڵەت کار بکات ئەوا دادەخرێت و پێبژاردن دەکرێت بەپێی ماددەی (٣) لەم ڕێنماییە، وە ڕێگە نادرێت کار بکات تا ئەو کاتەی کە مۆڵەت وەردەگرێت.

٢- لەکاتی بوونی هەر ناڕوونیەک لە بڕگە و ماددەکانی ئەم ڕێنماییە وەزارەت ڕوونکردنەوەی پێویست دەدات.

**ماددە (٣): شایستە داراییەکان، پێبژاردن، ڕێژەی وەزارەت:**

**یەکەم: کرێی ڕێگەپێدانی کارکردن (مۆڵەت)، شایستە داراییەکان**

١- کرێی خزمەتگوزاری تایبەت بە مۆڵەتی کۆمپانیا نیشتیمانیەکانی پۆستە بەم شێوەی خوارەوەیە:

أ- کرێی خزمەتگوزاری پێدانی مۆڵەتی کۆمپانیای ناوخۆ (٧،٥٠٠،٠٠٠) حەوت ملیۆن و پێنج سەد هەزار دیناری عێراقی، کە تەنها یەک جار وەردەگیرێت لەکاتی پێدانی مۆڵەت.

ب- کرێی خزمەتگوزاری نوێ کردنەوەی مۆڵەتی کۆمپانیای ناوخۆ بۆ ماوەی دوو ساڵ دەبێت کە بڕەکەی (٤،٠٠٠،٠٠٠) چوار ملیۆن دیناری عێراقیە.

ج- وەرگرتنی ڕێژەی (٥٪) (لەسەدا پێنج)، لە کۆی داهاتی ساڵانەی چالاکی بواری پۆستە بەپێی گرێبەست کە واژوو دەکرێت.

٢- کرێی خزمەتگوزاری تایبەت بە مۆڵەتی کۆمپانیا بیانیەکانی پۆستە بەم شێوەی خوارەوەیە:

أ- کرێی خزمەتگوزاری پێدانی مۆڵەتی کۆمپانیا بیانیەکان کە لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن (١٢،٥٠٠،٠٠٠) دوازدە ملیۆن و پێنج سەد هەزار دیناری عێراقی، کە تەنها یەک جار وەردەگیرێت لەکاتی پێدانی مۆڵەت.

ب- کرێـی خزمەتگـوزاری نـوێ کردنـەوەی مۆڵـەتی کۆمپانیـای بیـانی بـۆ مـاوەی دوو سـاڵ دەبێـت کەبڕەکەی (٦،٠٠٠،٠٠٠) شەش ملیۆن دیناری عێراقیە.

ج- وەرگرتنی ڕێژەی (٥٪) (لەسەدا پێنج)، لە کۆی داهاتی ساڵانەی چالاکی بواری پۆستە بەپێی گرێبەستەکە واژوو دەکرێت.

٣- کرێـی خزمەتگـوزاری پێـدانی مـۆڵەت بە کۆمپانیاکـانی (پۆسـتەی دیلـیڤەری بە ئـۆن لایـن) و (گواستنەوەی خواردن، خۆراک، کەلوپەل) بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

أ- کرێی خزمەتگوزاری پێدانی مۆڵەت (٥،٠٠٠،٠٠٠) پێنج ملیۆن دیناری عێراقی، کە تەنها یەک جار وەردەگیرێت لەکاتی پێدانی مۆڵەت.

ب- کرێی خزمەتگوزاری نوێ کردنەوەی مۆڵەتی ساڵانە بۆ ماوەی دوو ساڵ دەبێت کە بڕەکەی (٢،٠٠٠،٠٠٠) دوو ملیۆن دیناری عێراقیە.

ج-وەرگرتنی ڕێژەی (٥%) (لەسەدا پێنج)، لە کۆی داهاتی ساڵانەی چالاکی بواری پۆستە بەپێی گرێبەستەکە واژوو دەکرێت.

٤- کرێی خزمەتگوزاری پێدانی مۆڵەت و نوێکردنەوەی بە کۆمپانیاکانی بواری پۆستە بۆ سنوورێکی جوگرافی دیاریکراو لە پارێزگاکان یاخود ئیدارە سەربەخۆکان:

أ- کرێی خزمەتگوزاری پێدانی مۆڵەت و نوێکردنەوەی بۆ هەر کۆمپانیایەکی بواری پۆستە بەگوێرەی ئەم هاوکێشەیە ئەژمار دەکرێت:

کرێی خزمەتگوزاری بۆ (پارێزگا/ئیدارە سەربەخۆکان)

= ( **کرێی خزمەتگوزاری بۆ سەرتاسەری هەرێم** x P )

| پارێزگا / ئیدارە | P |
|---|---|
| هەولێر | ٠,٢ |
| سلێمانی | ٠,٢ |
| هەڵەبجە | ٠,١ |
| دهۆک | ٠,١ |
| گەرمیان | ٠,١ |
| ڕاپەڕین | ٠,١ |
| سۆران | ٠,١ |
| زاخۆ | ٠,١ |

ب- لەکاتی بەردەست بوونی ئاماری فەرمی ژمارەی دانیشتووانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان ئەوا فاکتەری (P) بەم شێوەیەی خوارەوە ئەژمار دەکرێت بۆ هەر (پارێزگا / ئیدارە)یەک:

$$P = \frac{\text{ژمارەی دانیشتوانی (پارێزگا / ئیدارە سەربەخۆکان)}}{\text{کۆی گشتی دانیشتوانی هەرێم}}$$

**دووەم: پێبژاردن، کرێی خزمەتگوزاری کەشف**

١- هەر کۆمپانیا و لایەنێک بەبێ مۆڵەتی فەرمی وەزارەتی گواستنەوە گەیاندن لە بواری پۆستە کار بکات لە هەرێمی کوردستان، سەرەڕای ئەوەی کە کارکردنی کۆمپانیاکە دەوەستێنرێت، هەروەها بەبڕی (١٠،٠٠٠،٠٠٠) (دە ملیۆن دینار) پێبژاردن دەکرێت.

٢- هەر کۆمپانیایەکی مۆڵەتپێدراوی وەزارەت یەکێک لە مەرجەکانی کارکردنی جێبەجێ نەکرد (وەکو لە بڕگەی (٦) لە ماددەی دووەم ئاماژەیان پێکراوە)، یاخود سەرپێچی کرد، (سەرەڕای ئاگادارکردنەوەی بۆ نەهێشتنی سەرپێچی)، ئەوا بە بڕی (١،٠٠٠،٠٠٠) (یەک ملیۆن دینار) پێبژاردن دەکرێت بۆ هەر حاڵەتێک.

٣- شایستەی دارایی ساڵانە کە دەکەوێتە سەر هەر کۆمپانیایەکی مۆڵەتپێدراوی وەزارەت پێویستە لە کاتی خۆیدا بدرێت، بۆ هەر ساڵێک دواکەوتن بڕی (١٠٪) (لە سەدا دە)، پێبژاردنی دواکەوتن لێی وەردەگیرێت.

٤- هەر کۆمپانیایەکی مۆڵەتپێدراوی وەزارەت لە دەرەوەی سنووری مۆڵەتی کارکردن کار بکات، (وەکو لە بڕگەی (٤) لە ماددەی دووەم ئامـاژەی پێکـراوە)، ئەوا بە بـڕی (١،٠٠٠،٠٠٠) (یەک ملیۆن دینار) پێبژاردن دەکرێت بۆ هەر حاڵەتێک.

٥- هەر کەسێک (شۆفێر یاخود هاووڵاتی) بەبێ مۆڵەتی فەرمی وەزارەتی گواستنەوە گەیاندن لە بواری پۆستە کار بکات لە هەرێمی کوردستان، بە بڕی (١٠٠،٠٠٠) (سەد هەزار دینار) پێبژاردن دەکرێت بۆ هەر حاڵەتێک.

٦- خاوەن مۆڵەتی بریکاری پۆستەی ئەهلی لە کاتی سەرپێچی لە فرۆشتنی پولی پۆستە بەدەر لە نرخی فەرمی، بە بڕی (٥٠،٠٠٠) (پەنجا هەزار دینار) پێبژاردن دەکرێت بۆ هەر دانە پولێک.

٧- کرێی پشکنینی (اجور کشف) شوێنی کۆمپانیا بۆ یەکەم جار بە مەبەستی دەرهێنانی مۆڵەت بریتیە لە (١٠٠،٠٠٠) (سەد هەزار دینار).

٨- کرێی پشکنینی (اجور کشف) شوێنی کۆمپانیا بە مەبەستی نوێکردنەوەی مۆڵەت بریتیە لە (٥٠،٠٠٠) (پەنجا هەزار دینار).

**سێیەم: کرێی سندوقی پۆستە بۆ کۆمپانیا و شوێنی بازرگانی و کەسی بیانی**

| ز | لایەنی سوودمەند | کرێ بە دینار بۆ یەک ساڵ |
|---|---|---|
| ١- | کەسی بیانی | ٥٠،٠٠٠ |
| ٢- | کۆمپانیای ناوخۆ | ٢٠٠،٠٠٠ |
| ٣- | کۆمپانیای بیانی | ٣٠٠،٠٠٠ |
| ٤- | شوێنی بازرگانی | ١٥٠،٠٠٠ |

**تێبینی:** ئەم بڕگەیە جێبەجێ دەکرێت لە پاش تەواوکردنی ڕێکارە پێویستەکان لە دابینکردنی شوێنی پێویست سەرجەم پێداویستیەکان. هەروەها، بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان، وەکو وەزارەتی بازرگانی و تۆمارکردنی کۆمپانیاکان و فەرمانگەی نشینگەو مانەوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**چوارەم: ڕێژەی وەزارەت لە داهاتی وەرگیراو**

أ- ڕێژەی لەسەدا سی (٣٠٪) لە کۆی داهاتی وەرگیراو لە کۆمپانیا مۆڵەتپێدراوەکان، (داهاتی بەدەستهاتوو لە ماددەی سێیەم)، بۆ وەزارەت دەبێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- ڕێژەی لەسەدا دە (١٠٪)، خەرج دەکرێت بۆ لیژنەکانی تایبەت بە بواری سەرپەرشتی وبەدواداچوونی کۆمپانیاکانی بواری پۆستە، وە بە شێوەی هاندان دەدرێت پێیان بە ڕەزامەندی وەزارەت.

٢- ڕێژەی لەسەدا پانزە (١٥٪)، خەرج دەکرێت بەمەبەستی دابینکردنی پێداویستیە گرنگەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکانی پۆستە و گەیاندن، (وەکو: چاککردنەوەی باڵەخانە، ئۆتۆمبێل، کۆمپیوتەر، سیستەمی حەوسەبە) لەپاش وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەت خەرج دەکرێت.

٣- ڕێژەی لەسەدا پێنج (٥٪)، خەرج دەکرێت بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری فەرمانبەران وبەشداریکردنیان لە خوولی ڕاهێنان، لەپاش وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەت خەرج دەکرێت.

ب- ڕێژەی لەسەدا حەفتا (٧٠٪) لە کۆی داهاتی وەرگیراو لە کۆمپانیا مۆڵەتپێدراوەکان دەچیتە سەر حسابی وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**ماددە (٤): مۆڵەتی (بریکاری پۆستەی ئەهلی) :**

ئەم ماددەیە مەرج و ڕێکارەکانی کارکردنی بریکاری پۆستەی ئەهلی دەخاتەڕوو. مەرجەکانی پێدانی مۆڵەت بە بریکاری پۆستەی ئەهلی بۆ کردنەوەی بریکاری پۆستەی ئەهلی لەلایەن لیژنەی باڵای پۆستە لە وەزارەت هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت بە مەبەستی پێدانی مۆڵەت. لە پاشان، ووردەکاری کارکردنی بریکار بە گوێرەی گرێبەستێک ڕێکدەخرێت کە لایەنی داواکار لەگەڵ وەزارەت واژووی دەکات بە مەبەستی کارکردنی وەکو بریکاری پۆستەی ئەهلی. لەم کارە هاوبەشیەدا، کەرتی پۆستەی حکومی سەرجەم پێداویستیەکانی ناردنی پۆستە دابین دەکات بۆ بریکار، وەکو (پول، زەرفی نامە، هتد.)، وە بریکار هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی سەرجەم کارە لۆجیستیەکان و وەرگرتن و ناردن بۆ نزیکترین نووسینگەی پۆستەی حکومی، وە لە بەرامبەر ئەم کارانەدا ڕێژەیەک لە داهاتی نووسینگەکە دەدرێت بە بریکاری پۆستەی ئەهلی کە لە ڕێژەی (١٠٪) (لە سەدا دە) زیاتر نەبێت، پاڵپشت بە بڕگەی (٥) لە ماددەی (١٣)ی یاسای پۆستەی عێراق، ژمارە (٩٧)ی ساڵی ١٩٧٣، هەروەها ڕێنمایی ژمارە (١٣)ی ساڵی ١٩٧٤ تایبەت بە بریکاری پۆستەی ئەهلی خاڵی یەکەم لە بڕگەی (٦). بریکاری پۆستەی ئەهلی تەنها دەکرێت کار لە سنووری ئەو شوێنانە بکەن کە نووسینگەی پۆستەی حکومی بوونی نیە، ئەمەش وەکو هاوکاریەک بۆ جێبەجێکردنی کەرتی پۆستەی حکومی.

١- مەرجەکانی کارکردن و کردنەوەی بریکاری پۆستەی ئەهلی (لە ناو شارەکان):

أ- لە هەر گەڕەکێك ژمارەی دانیشتوانی لە (٢،٠٠٠) دوو هەزار کەس کەمتر نەبێت.

ب- نیو کیلۆمەتر لە نوسینگەی پۆستەی حکومی دوورتر بێت.

ج-شوێنەکەی گونجاو بێت بۆ کاری پۆستەیی هەروەها دەکرێت لە گوند و کۆمەڵگاکانی نیشتەجێ بوون بێت.
د- لە بازاڕە گەورەکان و مۆڵەکان.
هـ- پێویستە سەرجەم جموجوڵی پۆستەیی بەسترێتەوە بە سیستەمی حەوسەبەی وەزارەت.

٢- مەرجەکانی کارکردن و کردنەوەی بریکاری پۆستەی ئەهلی (لە قەزا و ناحیە و کۆمەڵگاکان):
أ- لە هەر قەزاو ناحیە و کۆمەڵگایەك ئەگەر نوسینگەی پۆستەی حکومی تێدا نەبێت مۆڵەت بەبریکاری پۆستەی ئەهلی دەدرێت.
ب- لە کاتی هەبوونی نوسینگەی پۆستەی حکومی ئەگەر ژمارەی دانیشتوانی لە (٥،٠٠٠) پێنج هەزار کەس زیاتر بوو مۆڵەتی پێدەدرێت.
ج-لە شوێنە گەشتیاریەکان.
د -پێویستە سەرجەم جموجوڵی پۆستەیی بەسترێتەوە بە سیستەمی حەوسەبەی وەزارەت.

٣- پێدانی (نماذج) نموونەکانی پۆستە و مۆر لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی پۆستە بە (بریکاری پۆستەی ئەهلی). هەروەها، ئەگەر شوێنەکەی گونجاو بوو ئەوا بەڕێوەبەرایەتی پۆستە سندوقی نامەی بۆ دابین دەکات.
٤- خاوەن مۆڵەت دەبێت پولەکان بە نرخی فەرمی بفرۆشێت وە لە حاڵەتی سەرپێچیکردنی بە بڕێک پارە پێبژاردن دەکرێت بۆ هەر دانە پولێک کە لە ماددەی پێبژاردن بڕەکەی دیاریدەکرێت.
٥- بەڕێوەبەرایەتی پۆستە فەرمانبەرێك وەك ئەندامی پەیوەندی (عضو ارتباط) لەگەڵ بریکار دەستنیشان دەکات، و ڕاپۆرتی مانگانە بۆ بەڕێوەبەرایەتی لە کار و چالاکیەکانی بریکار بەرز دەکاتەوە.
٦- بەڕێوەبەری پۆستە بۆی هەیە خۆی یان هەر فەرمانبەرێکی پشکنین ڕابسپێرێت بە مەبەستی سەردانیکردنی بریکاری مۆڵەتپێدراو بە مەبەستی پشکنین.
٧- پێویستە بریکاری پۆستەی ئەهلی پابەند بێت بە هەر یاسا و ڕێنماییەك لە داهاتوودا لە لایەن حکومەت و وەزارەت دەردەچێت.
٨- بڕی (٥٠٠،٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار وەك بارمتە (تأمینات) وەردەگیرێت لە داواکاری بریکاری پۆستەی ئەهلی.
٩- پێویستە بریکاری پۆستەی ئەهلی گشت پۆستەیەکی ناوخۆ و دەرەوە (نامە - پێچراوی بچووک - پێچراوی گەورە - چاپەمەنی) وەربگرێت لە هاووڵاتیان و کۆمپانیاکان، وە پێویستە ڕۆژانە سەرجەم پۆستەکان بگەیێنێتە نزیکترین نوسینگەی پۆستەی حکومی لە سنووری کارکردنی خۆی.

**ماددەی (٥): کارکردن لە نوسینگەکانی پۆستەی حکومی:**

**یەکەم: پولی پۆستە:** پاڵپشت بە یاسای وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن ژمارە (١٩)ی ساڵی (٢٠١١)، ماددەی (٢)، بڕگەی (٥)، وەزارەت هەڵدەستێت بە دیزاین و چاپکردنی پول و بەکارهێنانی بەپێی پێویستی دیاریکردنی جۆر و بڕەکەی. لە کاتی هەبوونی هەر گرفتێک لە بەکارهێنانی پول ڕێکاری پێویست و گونجاو دەگیرێتەبەر بۆ چارەسەرکردنی. پولی پۆستە بە سەرپەرشتی لیژنەی باڵای پۆستە چاپ دەکرێت.

**دووەم: ئاڵوگۆڕی پۆستە:**

أ- ڕێکارە گشتیەکان

١- ناردنی پۆستە بەپێی سیاسەتی داڕێژراو لە وەزارەت و بەگوێرەی پێویستی دیاریدەکرێت.

٢- ناردنی پۆستە بۆ دەرەوەی هەرێم بەپێی ڕێکەوتن و ڕەزامەندی وەزارەت و بەگوێرەی پێویستی دیاریدەکرێت.

٣- لە کاتی ناردنی کیسی پۆستە، دەبێت بە لەیبڵی تایبەت ببەسترێت و مۆری ئەو ڕۆژەی لێبدرێت، پێویستە نموونەی (٨٤) لە کیسەکە بدرێت هەروەها دەبێت خشتەی (٨٥-٨٦) لەگەڵ پۆستەکە ڕەوانە بکرێت، کە لەناو کیسەکەدا دەبێت.

٤- لە کاتی گەیشتنی کیسی پۆستە، نموونەی (٨٤) بە مۆر و واژوو وەردەگیرێت.

ب- ڕێکارەکانی وەرگرتنی نامەی تۆمار لە نوسینگەی پۆستە:

١- ئامادەکردنی زەرفی نامە و سەلامەتی ناوەرۆکی.

٢- پاك و خاوێن بێت و شوێنەواری بۆیە و شریتی لکێنەری (لاصقة) لەسەر نەبێت وە بە پێنوسی سوور و ڕەساسی نەنوسرێت.

٣- ناونیشانی نێردەر و وەرگر بە ڕێکی لەسەری بنوسرێت وە لە شوێنی دیاریکراو و هیچ نوسراوێکی تری لەسەر نەبێت.

٤- پاش کێش کردنی پۆستەکە، پولی پێویستی لێ دەدرێت وە وێنەیەك لە نموونەی (٨٧) پێدەدرێت بەپێی کرێی پۆستەی هەرێمی کوردستان.

٥- تۆمارکردنی زانیاریەکان لە نموونەی (٨٦)، دەبێت مۆر و واژووی فەرمانبەری نێردەر هەبێت، وە لە کاتی گەیشتنی بۆ نوسینگەی وەرگر، ناو و واژوو و مۆر لەسەر نموونەی (٨٦) دەکرێت.

٦- تۆماری نموونەی (١٢٩ أ) بەکاردەهێنرێت بۆ تۆمارکردنی پوختەی کاروبارەکانی پۆستەیی، وەکو: (٨٦)، (٨٢)، (پۆستەی گەڕاوە)، (پۆستە ماوەکان (متبقي)).

٧- نموونەی (٨٤) بەکاردێت بۆ ناردنی پۆستەکانی دەرەوەو ناوەوەی وڵات، (لە دەرەوەی کیسەکە دەدرێت). هەروەها، نموونەی (٨٥) بەکاردێت بۆ ناردنی پۆستەی تۆمارو ئاسایی ناوەو دەرەوەی وڵات، (لەناو کیسەکە دادەنرێت).

**سێیەم: نامەی تۆماری دەرچوو (الرسائل المسجلة الصادرة):**

١- مەرجەکانی وەرگرتنی نامەی تۆمار:

أ- پاك و خاوێنی نامەکە بپارێزرێت.

ب- نابێت ناونیشان بە پێنووسی ڕەنگی سوور بنوسرێت.

ج- بەرگی نامەکە بە کەتیرە و بە تیپی دەرەکی دانەخرابێت

د- ناونیشان و ناوی تەواوی نێردەر و وەرگر لەسەر بێت.

٢- بەپێی پێناسی نرخی پول وەردەگیرێت پولەکان مۆر دەکرێت بە مۆری نوسینگە بە ڕێکەوتی هەمان ڕۆژ کە ڕەوانە دەکرێت.

٣- پێویستە نموونەی پسوڵەی (٨٧) پڕبکرێتەوە، وەکو ناوی نێردەرو وەرگر و ناونیشان بەکورتی بنوسرێت وە بڕی پارەکە دیار بکرێت و وێنەی یەکەم بدرێت بە نێردەر (المرسل)، پاش مۆری نوسینگە و واژووی لێپرسراوی نوسینگە بە هەمان ڕۆژ ڕەوانە دەکرێت.

٤- پێویستە ژمارەی نموونەی پسووڵەی (٨٧) بخرێتە سەر نامەکە بەم شێوەیە (وەکو / R٢٥ / شوێنی مەبەست).

٥- لەکاتی ناردن پێویستە نموونەی تۆماری (٨٦) بەکاربێت کە ژمارەی نامەکە بخرێتە سەر ئەم نموونەیە، پاشان کۆ دەکرێتەوە و بە دەستنوس دەنووسرێت و مۆر دەکرێت لەگەڵ واژووی فەرمانبەری تۆمار. ئەم نموونەیە بە دوو وێنە ڕێکدەخرێت وێنەی یەکەم لەگەڵ نامەکە ڕەوانە دەکرێت، وێنەی دووەم هەڵدەگیرێت لە ناو دۆسیەی تایبەت بە تۆمارەکان.

٦- پێویستە ژمارەی نامەی تۆمارکراو لە ناو پەڕاوی تۆمار بنوسرێت نموونەی (١٢٩أ) پوختەی تۆمارەکان (خلاصة المسجلات) کە تیایدا هاتوو وە دەرچوو وەکو یەك بێت، وە واژووی لێپسراوی نوسینگەی لەسەر بێت.

٧- پۆستەی خێرا (برید سریع):

أ- ژمارەی تۆمار و ناونیشان بە (E) دەنووسرێت.

ب- دەبێت لە ماوەی (٧٢) کاتژمێر بگاتە شوێنی مەبەست لە ڕێکەوتی وەرگرتنی.

ج- بەکارهێنانی پول بەپێی جۆر و کێش و قەبارە و شوێنی مەبەست دەبێت.

**چوارەم: نامەی تۆماری هاتوو (الرسائل المسجلة الواردة):**

١- لەکاتی کردنەوەی کیسی پۆستەی هاتوو خشتەی نامەی تۆمار دیار دەکرێت پێویستە ڕاستەوخۆ ووردبینی بکرێت لە (ژمارەی نامەکان و ژمارەی تۆمار لەگەڵ نوسراو لەسەر خشتەکە)، پاش تەواوبوون پێویستە خشتەی تۆمار مۆر بکرێت لەگەڵ واژووی لێپسراوی نووسینگە بە ڕێکەوتی هاتوو هەروەها پێویستە هەموو نامەکان مۆر بکرێت بە مۆری نووسینگە وە بە ڕێکەوتی ڕۆژی هاتوو.

٢- پێویستە ڕاستەوخۆ نموونەی پسووڵەی (٨٢)ی وەرگرتنی پێ بکرێت بە نووسینی ناو وە ناونیشانی وەرگر و ژمارەی تۆمار و مۆری نوسینگە بە هەمان ڕۆژی هاتوو بۆ هەر نامەیەکی تۆمار.

٣- پێویستە هەموو نامەکانی تۆمار لە پوختەی تۆمارەکان (خلاصة المسجلات) (١٢٩ أ) تۆمار بکرێت، کە هاتوو وە دەرچووە، بە هەمان ڕۆژ وە لە کاتی پێدانی ئەم نامانە پێویستە پۆستەبەر واژووی بکات لە پەڕاوی ئەو نامانەی کە دەیبات بۆ دابەش کردن.

٤- لە کاتی دابەشکردنی نامەی تۆمار دەبێت لە نموونەی (٨٢)دا بە تەواوی زانیاریەکان پڕبکرێتەوە، هەروەها پێویستە واژووی وەرگر لەسەر نموونەی (٨٢) بکرێت لە پاش دڵنیابوون لەوەی کە وەرگر خاوەنی نامەکەیە وە ئەگەر بۆ فەرمانگەی حکومی بێت یاخود بۆ کۆمپانیا بێت پێویستە مۆری ئەم شوێنانە لەگەڵ واژووی وەرگر لەسەر نموونەی (٨٢) بکرێت لەگەڵ واژووی پۆستەبەر لەسەر هەموو ئەو نامانەی تۆمار کە دابەش کراوە.

٥- دەبێت لێپرسراوی نوسینگە کاری پێویست ئەنجام بدات بە هەڵگرتنی نموونەی (٨٦) کە نامەکانی تۆماری پێ هاتبوو لەگەڵ نموونەی (٨٢) پاش دڵنیابوون کە واژووی وەرگر و مۆری فەرمانگە لەسەر ئەم نموونەیە هەیە وە بوونی واژووی پۆستەبەر و دڵنیابوونی لە کۆی نامەکان لەگەڵ نموونەی (٨٢) کە دابەش کراوە یەکسان بێت وە ئامادەبکرێت بۆ پشکنین.

٦- پێویستە نامەی ماوە و گەڕاوە لە تۆماری (١٢٩ أ) تۆمار بکرێت.

٧- سەبارەت بە نامەکانی دادگا (تسليم الرسائل القضائية) پێویستە سەرجەم کاروبارەکانی پۆستەی دادگاکان لەڕێگەی پۆستەی حکومی تۆمارەوە جێبەجێ بکرێت.

٨- نموونەی (٨٦/٨٥/٨٤/٨٢) دەکرێت بۆ ماوەی شەش مانگ هەڵبگیرێت و بپارێزرێت (احتفاظ) بکرێت، لە پاش ئەم ماوەیە ڕێکاری یاسایی پێویست دەگیرێتەبەر لەڕێگەی لیژنەی تایبەت.

٩- نموونەی (١٢٩ أ) بەپێی یاسا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت سەبارەت بە ماوەی هەڵگرتن و پاراستن ولەناوبردنی، پاڵپشت بە یاسای پاراستنی بەڵگەنامەکان ژمارە (٧٠)ی ساڵی١٩٨٣ .

**پێنجەم: مەرجەکانی شوێنی کارکردنی پۆستە:**

١- پێویستە سەرجەم پۆستەکان لە شوێنی پارێزراودا دابنرێن و هەڵبگیرێن، پارێزگاریان لێ بکرێت لە (شێ، ئاو و لافاو، ئاگر).

٢- پێویستە فریاگوزاری سەرەتایی بوونی هەبێت لە شوێنی کارکردن.

٣- پاراستنی پۆستەکان لە زیندەوەرە زیان بەخشەکان، (وەکو، قرتێنەرەکان).

٤- مەرجەکانی بەرگری شارستانی جێبەجێ بکرێت.

**شەشەم: پابەندیەکان**

١- کاری نوسینگەکانی پۆستە بەگوێرەی پێویستی ئەو سنوورە جوگرافیەی کە کاری تێدا دەکات ڕێکدەخرێت.

٢- هەر پێچراو و زەرفێك کە گومانی لەسەر بێت یان لەزگەی گومرگی لەسەر نەبێت بە لیژنە دەکرێتەوە بەپێی ڕێکارە یاساییەکان.

**حەوتەم: ئەرک و بەرپرسیاریەتی فەرمانبەری پۆستە**

١- فەرمانبەری پۆستەبەر دەبێت پابەندبێت بە گەیاندنی پۆستەی مەبەست و گەیاندنی بۆ شوێنی دیارکراو و کەسی مەبەست لەو کاتەی کە بۆی دیاریدەکرێت.

٢- فەرمانبەری کەرتی پۆستە دەبێت پابەندبێت بە پاراستنی گشت ئەو زانیاری و دۆکیومێنتانەی کەدەیگوازێتەوە لە ئەنجامی هەڵسانی بە کارەکانی ڕۆژانە، وە دزە پێنەکردنیان و خۆ بەدوورگرتن لە بەکارهێنان یان بڵاوکردنەوەیان بە ئامانجی ناڕەوا، جا ئەو زانیاریانە کەسی یان خێزانی یان هەر بابەتێکی تر بن، بەپێچەوانەوە ڕووبەڕووی لێپێچینەوە و سزا دەبێتەوە بەپێی حوکمەکانی یاسای پۆستەی عێراق ژمارە (٩٧)ی ساڵی ١٩٧٣ و یاسای بەرزەفتی فەرمانبەرانی حکومی و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ هەموارکراو، وە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ هەموارکراو.

**مادده (٦): ئەرک و بەرپرسیارێتی (سەنتەری ئاڵوگۆڕی پۆستەی ناوخۆ):**

**یەکەم: ئەرکە سەرەکیەکانی سەنتەری ئاڵوگۆڕی پۆستە بریتیە لە:**

١- وەرگرتنی کیسی هاتوو لە ڕێگای لیژنەیەکی تایبەتمەند کە لە (سێ) کەس کەمتر نەبێت.

٢- یەکسان بوونی ژمارەی لیبڵ بۆ هەر کیسێک لەگەڵ (نێردراوەکان و خشتەی ڕێگا، نموونەی ٨٤)، لە کاتی هەر هەڵەیەك یان دڕاندن یان تێکچوون، لیژنەکە کۆنووس ئامادە دەکات بۆ دیاریکردنی هەڵەکە بۆ هەر کیسێک.

٣- هەموو کیسەکان دەژمێردرێن وە یەکسان دەکرێن لەگەڵ خشتەی هاتوو، پاشان جیا دەکرێنەوە بۆ هۆبەکانی پەیوەندیدار ، لیژنەکە هەڵدەستێت بە وەرگرتنی کیسەکانی هاتووە بەبێ هەڵە، وە تۆمار دەکرێن لە تۆماری تایبەت.

٤- لە کاتی هەبوونی هەر هەڵەیەک یان کەم و کوڕیەک یان ناهاوتابوونی زانیاریەکان، لیژنەی تایبەت بە کۆنووس لایەنی پەیوەندیدار ئاگادار دەکاتەوە بۆ چارەسەری هەر گرفتێک.

**دووەم: کردنەوەی نێردراوە هاتووەکان لە ڕێگای وشکانی:**

١- بەپێی خشتەی وەرگرتن و پێدان لێپرسراوی سەرجەم هۆبەکان نێردراوە هاتووەکان وەردەگرن.

٢- کردنەوەی کیسەکان لەسەر مێزێکی تایبەت (کە ناودەبرێت بە مێزی جیاکردنەوە)، دەبێت وە هەموو پۆستەکان مۆر دەکرێن بە ڕێکەوتی هاتوو، جیا دەکرێتەوە وەکو (نامەی ئاسایی/ چاپەمەنیەکان/ پێچراوەکان).

٣- فەرمانبەرێك هەڵدەستێت بە جیاکردنەوەی پۆستەی هاتوو بەپێی ناونیشانەکان وە لێپرسراوی جموجۆڵ هەڵدەستێت بە پشکنین بۆ سەلامەتی ناونیشانەکان.

٤- پۆستەبەرەکان هەڵدەستن بە وەرگرتنی پۆستەکان بەپێی خشتەی وەرگرتن و پێدان وە گەیاندنیان بۆ نوسینگەی مەبەست.

٥- پاش وەرگرتنی پۆستە تۆمارکراوەکان (البريد المسجلة) لە نموونەی (٨٦) تۆماردەکرێت.

٦- هەموو پۆستە تۆمارکراوەکانی هاتوو ژمارەکانیان لە پوختەی تۆمارەکان (خلاصة مسجلات) نموونەی (١٢٩ أ) دەنوسرێت وە جیا دەکرێتەوە بەپێی ناونیشانی دیاری کراو.

٧- هاوتاکردنی نامەکانی تۆماری هاتوو و دەرچوو پوختەی تۆمارکراوەکان (خلاصة مسجلات) مانگانە ئاماری پێدەکرێت و هەموو خشتەکانی هاتوو دەرچوو هەڵدەگرێت.

**سێیەم: کردنەوەی نێردراوە هاتووەکان لە ڕێگای فڕۆکەخانە:**

١- ئەو پۆستانەی بە لیستی (CN٣٨) دەگات، کە تایبەتە بە تۆماری کەلوپەلی هاتوو لە ڕێگەی ئاسمانی، لەگەڵ خشتەی پۆستەی هاتوو (جدول الطريق) وەردەگرێت.

٢- پشکنینی دەرەوەی کیسەکان وەکو (لیبڵ، شێوەی کیس، بەستانی ملی کیس) بۆ دڵنیابوون لە ژمارەی کیسەکان لەگەڵ یەکسانی کێشەکان.

٣- ئەگەر هەر گیروگرفتێك لە کیسەکان هەبێت، لەڕێگەی کۆنووس ئاگاداری لایەنی پەیوەندیدار دەکرێتەوە بە مەبەستی ڕوونکردنەوەو چاککردنەوەی هەڵەکان.

٤- ڕێکخستن بەپێی خشتەی تایبەت دەبێت بۆ هەر یەکێک لە (نامە - پێچراوی بچووك - پێچراوی گەورە - پۆستەی خێرا - کیسی بەتاڵ).

٥- هەموو هاتووەکان تۆمار دەکرێن لە تۆماری زانیارییەکان.

**چوارەم: وەرگرتنی (نامەی تۆماری هاتوو) لە فڕۆکەخانە:**

١- لە پاش تەواوکردنی ڕێکارەکانی گومرگ لەلایەن فەرمانبەری تایبەتی فڕۆکەخانە، وەرگرتنی نامەی تۆماری هاتوو لە نووسینگەی فڕۆکەخانە بە خشتەی ئامادەکراو پاش پشکنینی کێش وە مۆرکردن و واژووی بەو ڕێکەوتەی کە هاتووە.

٢- ڕێکخستنی تۆماری تایبەت بە نێردرواى هاتوو لەگەڵ ژمارەی نێردراوەکان و تۆمارکردنی ڕێکەوتی هاتوو، وە دڵنیابوون لە چەسپاندنی بەرگ و کیس.

٣- ڕەوانەکردنی کیسەکانی نامەی تۆمار بۆ سەنتەری ئاڵوگۆڕی ناوخۆی پۆستە تاوەکو دابەشبکرێت بەسەر نووسینگەکانی پۆستە لە هەرێمی کوردستان بەپێی ناونیشانی سەر پۆستەکان بە مەبەستی گەیاندنی بۆ شوێنی مەبەست و دەستی وەرگر.

**پێنجەم: وەرگرتنی (پێچراوی بچووك) لە فڕۆکەخانە:**

١- وەرگرتنی پێچراو بە خشتەی ئامادەکراو پاش پشکنینی کێش و مۆرکردنی، هەروەها واژووی بەو ڕێکەوتەی کە هاتووە ئەگەر هەر هەڵەیەك ڕوویدا نوسراوێك دەکرێت بە دیاریکردنی هەڵەکە لە خشتەی هەڵەکان (جدول الاغلاط) بۆ ئاگادارکردنەوەی لایەنی پەیوەندیدار.

٢- نموونەی خشتەی (٨٦) بە دوو وێنە پڕدەکرێتەوە وەکو ژمارەی نێردراو (ارسالیة) و ژمارەی کیسەکان و ژمارەی تۆماری پۆستەکان و کێش، هەر هەڵەیەك ڕوویدا بڕوانامەی لێکۆڵینەوەی (شهادة تحقیق) پێدەکرێت وە مۆر و واژووی پێدەکرێت وە نابێت دەستکاری لە نوسینەکانی خشتەکان بکرێت بە ڕەش کردنەوە و چاك کردنەوەی.

٣- هەڵگرتن و پاراستنی نموونەی خشتەی (٨٦) بۆ کاتی وەرگرتن و لێکۆلینەوە.

**شەشەم: وەرگرتنی (پێچراوی گەورە) لە فڕۆکەخانە:**

١- وەرگرتنی پۆستەی ئاسمانی لە نوسینگەی پۆستەی فڕۆکەخانە پاش ووردبینیکردنی پۆستەکانی هاتوو وەکو سەلامەتی کیس و کێشەکەی و پێچانەوەی (بەستنی کیسەکە).

٢- هاوتاکردنی ژمارەی تۆماری پۆستەیی لەگەڵ خشتەی هاتوو، وە پشکنینی بە ئامێری (X-RAY).

٣- لەکاتی هەبوونی هەر هەڵەیەك، هەڵەکە دیاری دەکرێت بە لیژنە بۆ دەستنیشانکردنی جۆرەکانی پۆستەکان (ناوخۆ/ دەرەوە) وە وەرگرتنی پێچراوی گەورە، پاشان تۆمار دەکرێت لەتۆمارێکی تایبەت.

**مادده (٧): ئەرک و بەرپرسیارێتی (سەنتەری ئاڵوگۆڕی پۆستەی نێودەوڵەتی):**

١- سەنتەر هەڵدەستێت بە وەرگرتنی نێردراوە پۆستەییەکانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێم هەریەك بەجیا.

٢- لیژنەی کردنەوەی نێردراوەکان هەڵدەستێت بە کردنەوەی نێردراوی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بە مەبەستی وردبینیکردنی کەلوپەلەکان لەگەڵ تۆماری خشتەکان.

٣- لیژنەی ئاماژە پێکراو لە بڕگەی (٢) هەڵدەستێت بە دووبارە کێشکردنی نێردراوەکان و بەراوردکردنی لەگەڵ زانیارییە تۆمارکراوەکان، هەروەها بەراوردکردنی نرخەکان بەگوێرەی پێناسی تایبەت بە نێردراوەکان.

٤- دەبێت زانیاری (بەڵگەنامەی ڕاگەیاندنی گومرگی)، (customs declaration documents) (CN٢٣) واتە (دیکلێرەکان) بدرێتە هۆبەی پێچراوی ئاسمانی دەرچوو، بەپێی ژمارەی پێچراوە دەرچووەکان.

٥- دیکلێرەکان بەپێی وولاتی وەرگر پۆلێن دەکرێت، هەر وولاتێک بەجیا.

٦- ئامادەکردنی خشتەی نێودەوڵەتی هەر وولاتێک بەجیا، لە کۆتایی خشتە (کێش)ی گشتی تۆمار دەکرێت، پاشان کیسەکە دەپێچرێت و لەڕێگەی سیستەمی پۆستەی نێودەوڵەتی (IPS) (International Posting System) سەرجەم زانیاریەکان تۆمار دەکرێت، ئەمەش پاڵپشت بە زانیاری پێشکەشکراو لە لایەن فەرمانبەری تایبەتی سیستەمەکە دەبێت، کە هەڵدەستێت بە دیاریکردنی (ژمارەی ناردن و ڕێکەوت و ژمارەی گەشت).

٧- پێچراوەکان لەناو کیسەی پۆستەی نێودەوڵەتی دادەندرێت کیسەکە بە لێبڵی تایبەت دەبەسترێت، لێبڵی زەرد بۆ پێچراوی گەورە (طرود) و لێبڵی سوور بۆ پێچراوی بچووک (رزمة). هەروەها، سیستەمی (IPS) هەڵدەستێت بە دەرهێنانی لێبڵ کە هەموو زانیارییەکانی تێدایە و لەسەر کیسی نێردراوەکان دەدرێت.

٨- خشتەیەکی تایبەت بە نێردراوەکان ئامادە دەکرێت بۆ (نوسینگەی پۆستەی فرۆکەخانە) و (کۆمپانیایی گواستنەوەی نێردراوەکان بۆ دەرەوەی وڵات)، کە تیایدا ژمارە و کێشی نێردراوەکان تۆمار دەکرێت. سیستەمی (IPS) هەڵدەستێت بە ئامادەکردنی خشتەی نێردراوی وڵاتان لەگەڵ ژمارەی پێچراوەکان و ژمارەی کیسەکان و کێشی نێردراوی کەلوپەلەکان. هەروەها، سیستمەکە هەڵدەستێت بە دەرهێنانی نموونە (CN٢٣) بەم شێوەیە پۆستەکە دەدرێتە فڕۆکەخانە.

**ماددە (٨): قەدەغەکراوەکان:**

ئەو کەلوپەلانەی کە قەدەغەکراون بەپێی ماددەی (١٤) لە یاسای پۆستەی عێراقی ژمارە (٩٧)ی ساڵی ١٩٧٣هەموارکراو، هەروەها ئەو کەلوپەلانەی کە لەلایەن ڕێکخراوی پۆستەی جیهانی قەدەغە کراون. ئەو کەلوپەلانەش بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە:

١- ئەو کەلوپەلانەی کە داپۆشراوە و گومانی لێ دەکرێت پێویستە بکرێتەوە، نەوەك ترسناك بێت وەیان ببێتە هۆی تێکدانی پێچراوی تر.

٢- ماددە هۆشبەرەکان، خواردنەوە کحولییەکان، ژەهر، وە حەرام کراوەکان بەپێی ڕێنمایی.

٣- ماددە تیشکدەرەکان و ئەوانەی دەتەقێتەوە و دەسوتێت.

٤- کەلوپەلی شلەمەنی پێویستە بە چاکی لەناو شووشە دابنرێت و بپارێزرێت.

٥- گیانلەبەری زیندوو جگە لەمێش هەنگوین و کرمی ئاوریشم (دودة القز).

٦- شمەکی بەنرخ و دانسقەی هونەری و شوێنەواری و پول و کاغەزی ئاڵوگۆڕ و کاغەزی دارایی، پلاتین و زێڕ و کانزای بە هادار و بەردی بەنرخ و ئەڵماسی پیشەسازی.

٧- چەکی ئاگرین ( هەموو جۆرە چەک و تەقەمەنییەکان).

٨- ئەو کەلوپەلانەی کە دژ بە داب و نەریتی کۆمەڵگان.

٩- ئەو بارانەی کە پێکدێت لە (ئاژەڵی زیندوو یان پارچەکانی لاشەی ئاژەڵی مردوو).

١٠-ئەو بارانەی کە پێکدێت لە (لاشەی مردووی مرۆڤ).

١١- ئەو بارانەی دەبێتە هۆکار یان مەترسی لەسەر کەسەکان و گەیاندنی زیان بە کەلوپەلەکان، وەیان بارەکانی تر بە هۆی سروشتی (دەرەوە و ناوەڕۆکی) بارەکە.

١٢- ئەو بارانەی کە پێکدێت لەو بەرهەمانەی یان ئەو ماددانەی کە دەکرێت ببێتە هۆکار بۆ زیان گەیاندن بە کارمەندانی پۆستە، یان دەبێتە هۆکاری تێکچوونی ئامێرەکانی بارکردن.

١٣- بەروبوومەکانی تووتن کە ناکرێت بنێردرێت یان بار بکرێت، تەنها بە بڕی دیاریکراو بۆ بەکار هێنانی کەسی ڕێگەپێدراوە.

١٤- وتار و نوسراوی خراپ و نەشیاو بەد و نەگونجاو، بابەتی بەد ڕەوشتی و گاڵتە جاڕی.

١٥- هەر کاڵایەك کە بەفەرمی حکومەت قەدەغەی دەکات.

**مادده (٩): ناونیشان**

١- ناونیشان گرنگیەکی زۆری هەیە و لە بواری پۆستەدا بەکاردەهێنرێت بۆ یارمەتیدانی جیاکردنەوەو گەیاندنی پۆستە بۆ شوێنێکی دیاریکراو، وەزارەت بە هەماهەنگی و هاوبەشی لایەنە پەیوەندیدارەکان پرۆژەی ناونیشان (ئاسایی و ئەلیکترۆنی) جێبەجێ دەکات، بۆ ئەو مەبەستە رێوشوێنی گونجاو دەگرێتەبەر، هەروەها وەزارەت سیستەمێکی ناونیشانی ستاندەرد و گونجاو بەکاردەهێنێت بۆ دەستنیشانکردنی هەر شوێنێک.

٢- **پۆست کۆد (Postcode):** پۆست کۆد بریتیە لە زنجیرەیەک ژمارە یان پیت یان هەردووکیان، هەندێکجار بۆشایی یان خاڵبەندی لەخۆدەگرێت، کە لەناو ناونیشانی پۆستەدا دەنوسرێت بە مەبەستی ئاسانکاری بۆ دۆزینەوەی ناونیشان. بە گشتی، پۆست کۆد بەشێکی گرنگی سیستەمی پۆستەی مۆدێرنە، یارمەتیدەرە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە پۆستە و پاکێجەکانی تر بە خێرایی و بەشێوەیەکی کارا دەگەیەنرێنە وەرگرانی مەبەست.

٣- **نەخشە کۆد (Mapcode):** سیستەمێکی کۆدکردنی جوگرافیە کە بۆ دابینکردنی رێگەیەکی سادە و ڕاستەوخۆیە بۆ ناسینەوەی هەر شوێنێک لەسەر ڕووی زەوی داڕێژراوە، نەخشە کۆد پێکدێت لە ریزێکی کورت لە پیت و ژمارە کە نیشاندانی جێکەوتەی پانی و درێژی دیاریکراو دەکەن.

٤- **پڵەس کۆد (plus codes):** پڵەس کۆد لەسەر بنەمای بیست پیتی زمانی ئینگلیزی و کۆمەڵێک ژمارە دامەزراوە. ئەم کۆدە تایبەتە وەک ناونیشانی ووردی دیاریکراو وایە بۆ ئەو کەسانە یان شوێنانەی کە ناونیشانیان نییە، دەتوانرێت بەکاربهێنرێت لەبڕی ئەو ناونیشانانەی کە ناوی شەقام و ژمارەیان لەسەرە، پڵەس کۆد لەسەر بنەمای هێڵی پانی و درێژی دانراون، بەهۆی ئەم کۆدە تایبەتەوە، هەموو کەس دەتوانێت ببێت بە خاوەنی ناونیشانی تایبەت بە خۆی و بە شێوەیەکی ئاسان سوود وەربگرێت لە سەرجەم بابەتی پۆستەیی و خزمەتگوزارییە فریاگوزاری و کۆمەڵایەتیەکان.

**مادده (١٠): سندوقی پۆستە (P.O. BOX)**

بەمەبەستی رێکخستنی کاروباری پۆستە، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان و بە هەماهەنگی و هاوبەشی لەگەڵ کەرتی تایبەت هەڵدەستێت بە دروستکردن و تەرخانکردنی سندوقی پۆستە. لە پاش فەراهەمبوونی ئەم خزمەتگوزاریە بە شێوەیەکی تەواو، مەرجە کە سەرجەم کۆمپانیاکان سندوقی پۆستەی تایبەت بە خۆیان هەبێت تاوەکو بتوانن رێکارەکانی تایبەت بە کۆمپانیاکان تەواو بکەن سەرەڕای ئەوەی کە سندوقی پۆستە بەشێوەی کرداری دابینەدەکرێت لە شوێنی دیاریکراو، هەروەها دەکرێت بە شێوەی ژمارە و گریمانەییش (virtual) تەرخانبکرێت، هاوکات بە هەمان شێوە سندوقی پۆستە تەرخان دەکرێت بۆ کەسانی بیانی کە لە کوردستان کاردەکەن، شوێنە بازرگانیەکان، هۆتێل، نوسینگەکان، مارکێت و مۆڵەکان، پرۆژە نیشتەجێبوونەکان، وە هەر شوێنێکی تر کە وەزارەت بە پێویستی بزانێت.

**مادده (١١): لیستی پێناسی کرێی پۆستەی کەرتی حکومی**

**یەکەم:** کرێی پۆستەی ناوخۆی هەرێمی کوردستان

| جۆری پۆستە | کێش | کرێ بە دیناری عێراقی | بەرزترین کێش (گم) |
|---|---|---|---|
| نامە (الرسائل) | ١ تا ٥٠ گم | ١،٥٠٠ | ٢،٠٠٠ |
| | ٥١ تا ٢٠٠ گم | ١،٧٥٠ | |
| | ٢٠١ تا ٥٠٠ گم | ٢،٠٠٠ | |
| | ٥٠١ تا ١،٠٠٠ گم | ٢،٢٥٠ | |
| | ١،٠٠١ تا ٢،٠٠٠ گم | ٢،٥٠٠ | |
| کارتی پۆستە | ........ | ٧٥٠ | ٢،٠٠٠ |
| چاپ کراوی بازرگانی | بۆ هەر ١٠٠ گم | ٧٥٠ | ٥،٠٠٠ |
| چاپکراو تۆمارکراو لە فەرمانگەی پۆستە | بۆ هەر ٢٥٠ گم | ٥٠٠ | ٥،٠٠٠ |
| پێچراوی بچووک (رزمة) | ١ تا ٢٥٠ گم | ٧٥٠ | ٢،٠٠٠ |
| | بۆ هەر ٢٥٠ گم دیکە | ٢٥٠ دەچێتە سەر (٧٥٠) | |
| پێچراوی گەورە (طرد) | بۆ هەر ١،٠٠٠ گم | ٢،٥٠٠ | ٢٠،٠٠٠ |

**تێبینی:**

١- لە حاڵەتی تۆمارکردنی ئەو پۆستانەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێدراوە ئەوا کرێی تۆمارکردن بە بڕی (١،٠٠٠) دینار دەچێتە سەر نرخەکان.

٢- ئەم سێ بابەتە دەبەخشرێن لە کرێی پۆستە: (مصلحة، نابینایان، پۆستەی سەربازی لەکاتی جەنگدا).

**دووەم:** کرێی سندوقی پۆستە بۆ هاوڵاتی هەرێمی کوردستان و عێراق

| ز | لایەنی سوودمەند | کرێ بە دینار بۆ یەک ساڵ |
|---|---|---|
| ١- | هاوڵاتی کوردستان و عێراق | ٢٥،٠٠٠ |

**سێیەم:** کرێی پۆستە لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان بۆ شارەکانی تری عێراق

| جۆری پۆستە | کێش | کرێ بە دیناری عێراقی | بەرزترین کێش (گم) |
|---|---|---|---|
| نامە (الرسائل) | ١ تا ٥٠ گم | ٢،٠٠٠ | ٢،٠٠٠ |
| | ٥١ تا ٢٠٠ گم | ٣،٠٠٠ | |
| | ٢٠١ تا ٥٠٠ گم | ٤،٠٠٠ | |
| | ٥٠١ تا ١،٠٠٠ گم | ٤،٢٥٠ | |
| | ١،٠٠١ تا ٢،٠٠٠ گم | ٥،٧٥٠ | |
| کارتی پۆستە | ........ | ٧٥٠ | ٢،٠٠٠ |
| چاپ کراوی بازرگانی | بۆ هەر ١٠٠ گم | ٧٥٠ | ٥،٠٠٠ |

| جۆری پۆستە | کێش | کرێ بە دیناری عێراقی | بەرزترین کێش (گم) |
|---|---|---|---|
| چاپکراو تۆمارکراو لە فەرمانگەی پۆستە | بۆ هەر ٢٥٠ گم | ٥٠٠ | ٥،٠٠٠ |
| پێچراوی بچووک (رزمة) | ١ تا ٢٥٠ گم | ١،٠٠٠ | ٢،٠٠٠ |
| | بۆ هەر ٢٥٠ گم دیکە | ٢٥٠ دەچێتە سەر (١،٠٠٠) | |
| پێچراوی گەورە (طرد) | ١ تا ١،٠٠٠ گم | ٢،٥٠٠ | ٢٠،٠٠٠ |
| | بۆ هەر ٢٥٠ گم دیکە | ٥٠٠ دەچێتە سەر (٢،٥٠٠) | |

**تێبینی:**
١- لە حاڵەتی تۆمارکردنی ئەو پۆستانەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێدراوە ئەوا کرێی تۆمارکردن بە بڕی (١،٠٠٠) دینار دەچێتە سەر نرخەکان.
٢- ئەم سێ بابەتە دەبەخشرێن لە کرێی پۆستە: (مصلحة، نابینایان، پۆستەی سەربازی لەکاتی جەنگدا).

**چوارەم:** کرێی پۆستەی نێودەوڵەتی

| جۆر | کێش | کۆمەڵەی یەکەم (دیناری عێراقی) | کۆمەڵەی دووەم (دیناری عێراقی) | کۆمەڵەی سێیەم (دیناری عێراقی) | بەرزترین کێش (گم) |
|---|---|---|---|---|---|
| نامە | ١ تا ١٠ گم | ١،٠٠٠ | ١،٥٠٠ | ٢،٠٠٠ | ٢،٠٠٠ |
| | بۆ ١٠ گم دیکە | ٢٥٠ | ٥٠٠ | ٧٥٠ | |
| کارتی پۆستە | ..... | ٧٥٠ | ١،٠٠٠ | ١،٢٥٠ | ٢،٠٠٠ |
| چاپکراوەکان | ١ تا ١٠٠ گم | ٣،٠٠٠ | ٥،٠٠٠ | ٧،٠٠٠ | ٥،٠٠٠ |
| | بۆ ٢٥٠ گم دیکە | ٧٥٠ | ١،٢٥٠ | ١،٧٥٠ | |
| پێچراوی بچووک | ١ تا ١٠٠ گم | ١،٥٠٠ | ٢،٠٠٠ | ٢،٥٠٠ | ٢،٠٠٠ |
| | بۆ ١٠٠ گم دیکە | ١،٥٠٠ | ٢،٠٠٠ | ٢،٥٠٠ | |
| پێچراوی گەورە | ١ تا ١،٠٠٠ گم | ١٢،٠٠٠ | ١٦،٠٠٠ | ٢٠،٠٠٠ | ٢٠،٠٠٠ |
| | بۆ ٢٥٠ گم دیکە | ٢،٠٠٠ | ٣،٥٠٠ | ٥،٠٠٠ | |

**تێبینی:** لە حاڵەتی تۆمارکردنی ئەو پۆستانەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێدراوە ئەوا کرێی تۆمارکردنیش دەچێتە سەر نرخەکان.

**پێنجەم:** کرێی دیکەی خزمەتگوزاری پۆستەی ناوخۆ

| ز | جۆری خزمەتگوزاری | نرخ (دیناری عێراقی) |
|---|---|---|
| ١- | پرسینەوە دەربارەی نێردراو، (استعلام عن بعیثة) | ١،٠٠٠ |
| ٢- | ئاگادار کردنەوەی (وەرگر) لە وەرگرتنی نێردراوی تۆمارکراو | ١،٠٠٠ |
| ٣- | ئاگادار کردنەوەی (نێردەر) لە وەرگرتنی نێردراوی تۆمارکراو | ١،٠٠٠ |

| | | |
|---|---|---|
| -٤ | داوای گۆڕینی ناونیشانی ئەو (نامانەی) کە هێشتا نەگەیشتووە | ١،٠٠٠ |
| -٥ | داوای گۆڕینی ناونیشانی ئەو (پێچراوانەی) کە هێشتا نەگەیشتووە | ٢،٠٠٠ |
| -٦ | تۆمارکردنی چاپکراوی داهێنەرو نوسەرو بڵاوکراوەکان | ٧٥،٠٠٠ |
| -٧ | دەستەبەرکردنی (ضمان) هەر نێرداوێکی تۆمارکراوی ون بوو یان لەناوچوو لەناوخۆدا، بەگوێرەی ڕێکارەکانی دەستەبەرکردن | ٥،٠٠٠ |
| -٨ | تۆمارکردنی نێردراو (بۆ پۆستەی ناوخۆی هەرێمی کوردستان) | ١،٠٠٠ |
| -٩ | وەرگرتنی (نامە و چاپکراو) لەڕێگەی پەنجەرەی پۆستە | ١،٠٠٠ |
| -١١ | وەرگرتنی (کارتۆن یاخود پێچراو) لەڕێگەی پەنجەرەی پۆستە | ١،٠٠٠ |
| -١٢ | دوای تێپەڕبوونی چوار ڕۆژ لە ئاگادارکردنەوە لە گەیشتنی (پێچراوی گەورەو بچووک) بۆ نوسینگەی پۆستە، کرێی زەمینی (٢،٠٠٠) دیناری عێراقی لەسەر وەرگری پۆستە ئەژمار دەکرێت بۆ هەر ڕۆژێک دواکەوتن، (بێجگە لە ڕۆژانی پشووی فەرمی). | |

**شەشەم:** کرێی دیکەی خزمەتگوزاری پۆستەی نێودەوڵەتی

| ز | جۆری خزمەتگوزاری | نرخ (دیناری عێراقی) |
|---|---|---|
| -١ | تۆمارکردن | ٢،٠٠٠ |
| -٢ | پرسین دەربارەی نێردراو بەهۆی پەنجەرەی پۆستە | ٢،٠٠٠ |
| -٣ | وەرگرتنی کیسەی چاپکراوەکانی نێردراو بۆ یەک کەس | ٢،٠٠٠ |
| -٤ | وەرگرتنی مادەی نێردراو بەناونیشانی پەنجەرەی پۆستە | ٥،٠٠٠ |
| -٥ | نرخی خشتەی بەڵگەنامەی وەڵامدانەوەی نێودەوڵەتی | ٢،٠٠٠ |
| -٦ | تۆمارکردنی کیسەی چاپکراوی تایبەت | ٥،٠٠٠ |
| -٧ | لەزگەی پێچراو بچووک ٢٢ CN | ١،٠٠٠ |

**حەوتەم:** ڕاپۆرتی زانیاری کرێی پۆستەی دیکە

| جۆری پێناس | ناوخۆی هەرێم (دیناری عێراقی) | شارەکانی عێراق دەرەوەی هەرێم (دیناری عێراقی) | وڵاتانی ناوچەی یەکەم (دیناری عێراقی) | وڵاتانی ناوچەی دووەم (دیناری عێراقی) | وڵاتانی ناوچەی سێیەم (دیناری عێراقی) |
|---|---|---|---|---|---|
| RR (تۆمارکردن) | ١،٠٠٠ | ١،٠٠٠ | ٢،٠٠٠ | ٢،٠٠٠ | ٢،٥٠٠ |
| AD (زانیاری گەیشتن) | ١،٠٠٠ | ١،٠٠٠ | ٢،٠٠٠ | ٢،٠٠٠ | ٢،٥٠٠ |
| AR (تۆمارکردن + زانیاری گەیشتن) | ٢،٠٠٠ | ٢،٠٠٠ | ٤،٠٠٠ | ٤،٠٠٠ | ٥،٠٠٠ |
| CP (پێچراوی تۆمار) | --------- | ---------- | ١،٠٠٠ | ١،٠٠٠ | ١،٠٠٠ |
| EE (پۆستەی خێرا) | لەکاتی کارکردن بەم خزمەتگوزاریە بڕیار لەسەر نرخەکەی دەدرێت. | | | | |

**هەشتەم:** پۆلێنکردنی وڵات و ناوچەکانی جیهان:

| | |
|---|---|
| ١- | گروپی وڵاتان بەم شێوەیە پۆلێن دەکرێن |
| **کۆمەڵەی یەکەم:** | ووڵاتانی عەرەبی و ئێران و تورکیا دەگرێتەوە. |
| **کۆمەڵەی دووەم:** | ووڵاتانی ئەوروپا و ئەفریقیا و ئاسیا جگە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی دوور. |
| **کۆمەڵەی سێیەم:** | هەردوو کیشوەری ئەمەریکا و ئوستراليا و نیوزلندا و هەردوو کۆریا، فلیپین، چین و هەموو ووڵاتانی تر. |
| ٢- | ئەژمارکردنی کرێ بەپێی خشتەی گوژمە و کرێی گواستنەوەی پۆستەی ئاسمانی جیهانی ڕێکخراوی (ایاتا) دەبێت بۆ فرۆکەوانی مەدەنی بەگوێرەی کۆتا ڕێکەوتن لەگەڵ ڕێکخراوی پۆستەی جیهانی (UPU)، خەرجی کارتۆن و گشت خەرجی کۆتایی (نفقات الختامية) پۆستەی گەیشتووی تایبەت بە کارگێڕی پۆستەی جیهانی دەخرێتە سەر هەروەها ڕێژەی (٢٥ %) (لە سەدا بیست و پێنج)ی کۆی گشتی ئەو بڕە دەخرێتەسەری لە بڕی کرێی پێداویستیەکانی پۆستەیی و کارگێڕی. |

**نۆیەم: قەرەبووکردنەوەی وون بوون و زیان پێگەیشتنی پۆستە:**

لەکاتی وون بوون یاخود زیان گەیشتن بە هەر پۆستەیەک، وەزارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی پەیوەندیدار بڕیار لەسەر چۆنێتی قەرەبووکردنەوە دەدەن (تەنها ئەو پۆستانەی کە تۆمارکراون). لیژنەیەک پێکدەهێنرێت کە لە سێ فەرمانبەر کەمتر نەبێت، (تەکنیکی بواری پۆستە، ژمێریاری، یاسایی)، ڕاپۆرتی تایبەت پێشکەش دەکەن سەبارەت بە کێشەی قەرەبووکردنەوەی پۆستە. قەرەبووکردنەوەی پۆستەش بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

١- ئەگەر پۆستەکە وون ببێت یاخود لەناوبچێت بەهۆی کەمتەرخەمی پۆستەی حکومی یاخود کۆمپانیای ڕاسپێردراوی نێردەری پۆستە، ئەوا خاوەنی پۆستەکە قەرەبوو دەکرێتەوە بەپێی خەمڵاندن، بەمەرجێک بڕی خەمڵاندن زیاتر نەبێت لە بڕی بەهای بزربووەکە.

٢- ئەگەر پۆستەکە بە ڕێگای گەرەنتی (مضمون) نێردرا، ئەوا ناوەرۆکی پۆستەکە وەکو خۆی قەرەبوو دەکرێتەوە.

**دەیەم: ئەو پۆستانەی وون دەبێت یان زیانیان پێدەگات و قەرەبووکردنەوە نایگرێتەوە:**

١- ئەگەر پۆستەکە بە کارەساتێکی سروشتی وون بوو، یاخود لەناوچوو، ئەوا خاوەنی پۆستەکە قەرەبوو ناکرێتەوە.

٢- ئەگەر پۆستەکە وون بوو یان زیانی پێگەیشت بە هۆکاری هەڵە یاخود کەمتەرخەمی نێردەر.

٣- ئەگەر ناوەرۆکی پۆستەکە کەلوپەلی ڕێگەپێنەدراوبوو، وە دەستی بەسەردا گیرا لەلایەن دەسەڵاتی تایبەت.

٤- ئەگەر هۆکارەکە بەهۆی بابەتی کەلوپەلی پۆستەکە خۆی بوو.

٥- ئەگەر هۆکارەکە کارەساتی سروشتی بوو وەک لافاو، بومەلەرزە، یاخود جەنگ.

٦- کەلوپەلی وون بوو قەرەبوو ناکرێتەوە ئەگەر بە ڕێگای تۆمار نەبوو (ئاسایی).

**یانزەیەم: قەرەبووکردنەوەی پۆستە:**

لە پاش دەستەبەربوونی سەرجەم مەرجەکانی قەرەبووکردنەوەی پۆستە، ئەوا بەم شێوەیەی خوارەوە قەرەبوو دەکرێتەوە:

١- نامەی تۆمارکراو + پێچراوی بچووك

(نامەی تۆمارکراو و پێچراوی بچووك) تەنها ٣٠ SDR ئەژمار دەکرێت

بڕی قەرەبوو بە دۆلار = ٣٠* (بەهای SDR بە دۆلار)

بڕی قەرەبوو بە دینار = (بڕی قەرەبوو بە دۆلار) * (نرخی دیناری عێراقی بەرامبەر دۆلار)

٢- پێچراوی گەورە

هەر پێچراوێکی گەورە بەبێ ڕەچاوکردنی کێش ٤٠ SDR ئەژمار دەکرێت، هەروەها بۆ هەر کیلۆگرامێک ٤,٥ SDR زیاد دەکرێت .

بۆ نموونە ئەگەر پێچراوێك بە کێشی ٦ کیلۆگرام وون بوو، قەرەبوو دەکرێت بەم شێوەیە:

٤٠ + (٦ * ٤,٥) = ٦٧ یەکەی SDR

بڕی قەرەبوو بە دۆلار = ٦٧* (بەهای SDR بە دۆلار)

بڕی قەرەبوو بە دینار = (بڕی قەرەبوو بە دۆلار) * (نرخی دیناری عێراقی بەرامبەر دۆلار)

٣- کیسەکان (M)

بەهای قەرەبووکردنی کیسەکانی (M) جارانی ١٥٠ یەکەی SDR دەکرێت

بڕی قەرەبوو بە دۆلار = ١٥٠* (بەهای SDR بە دۆلار)

بڕی قەرەبوو بە دینار = (بڕی قەرەبوو بە دۆلار) * (نرخی دیناری عێراقی بەرامبەر دۆلار)

**تێبینی:**

أ- بەهای SDR (Special Drawing Rights) بە دۆلاری ئەمریکی و بەپێی نرخی فەرمی دەبێت.

ب- نرخی دیناری عێراقی بەرامبەر دۆلاری ئەمریکی بەگوێرەی نرخی فەرمی بانکی ناوەندی عێراق دەبێت.

**مادده (١٢): حوکمە گشتیەکان**

**یەکەم:** سەرجەم کۆمپانیاکانی بواری پۆستە خۆیان دەگونجێنن لەگەڵ ئەم ڕێنماییە لە دوای (٦٠) ڕۆژ پاش بەرکاربوونی ئەم ڕێنماییە.

**دووەم:** ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**انو جوهر عبدالمسيح عبدوكا**
**وەزیری گواستنەوە و گەیاندن**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٣٢٨٢٢ لە ٢٠٢٤/١١/٤**

**بەیانی ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠٢٤**
**هەمواری یەکەمی بەیانی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٤ تایبەت بەکرێی کارگێری**
**پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بەڵگەکانی تاوان**

دوا بەدوای بەیانمان ژمارە (١١) ساڵی ٢٠٢٤ تایبەت بە کرێی کارگێری پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی بەڵگەکانی تاوان کە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) ژمارە (٢٣٣٥٧ لە ٢٠٢٤/٨/١٤ ) بڵاوکراوتەوە و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە دەرچواندنی ئەم بەیانە :

**یەکەم: هەموار کردنی بڕگە /٢ لە ماددەی (١)ی بەیانی سەرەوە بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە :-**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢- | أ- بەڵگەی بێ تاوانی (عدم محكومية) بۆ دەرەوەی وولات ئەگەر پێویستی بە پەسەندکردن نەبێت لە دامەزراوەکانی حکومەتی فیدراڵ . | (٥٠،٠٠٠) پەنجا هەزار | بۆ یەک بەڵگەنامە |
| | ب- بەڵگەی بێ تاوانی ( عدم محكومية )بۆ دەرەوەی وڵات ئەگەر پێویستی بەپەسەندکردن هەبێت لە دامەزراوەکانی حکومەتی فیدراڵ . | (١٥٠،٠٠٠) سەد و پەنجا هەزار | |

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٣٣٩٨٤ لە ٢٠٢٤/١١/١٣**

**بەیانی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٢٤**
**هێنانەکایەی گوندی (گەلوک نوی)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ تایبەت بە فراوانکردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان ، و ئاماژە بەنووسراوەکانی پارێزگای دهۆک ژمارە (٤٤٨٤ لە ٢٠٢٤/٨/١١ ) و (٥٩٥٨ لە ٢٠٢٤/١٠/٧ ) و (٦٣٩٤ لە ٢٠٢٤/١٠/٢٤) و دوابەدوای نووسراومان ژمارە (٢٧٢٣٢ لە ٢٠٢٤/٩/١٨ ) ، و لە بەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە :-

**یەکەم:** هێنانەکایەی گوندی (**گەلوک نوی**) و چەسپاندنی لە سەر نەخشەی گادسترۆ لە ناحیەی دارەتوو لە سنووری قەزای بەردەڕەش لە پارێزگای دهۆک بە ڕووبەری (٣٩/١٢/٤٥ دۆنم ) لە سەر پارچە زەوی ژمارە (١/١) کەرتی (٥١/گەلوک)وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای دهۆک لە سەرەوە هاتووە وە بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت .

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٣٢٨٣١ لە ٢٠٢٤/١١/٤**

## بەیانی ڕاستکردنەوەی
## ڕێنمایی میکانیزمی دەرهێنانی مۆڵەتی شوفێری ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٤

پاڵپشت بە ماددەی هەشتەم لە یاسای بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا (وەقایعی کوردستان) ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٩ و یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و دوا بە دوای ڕێنماییمان ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٤ کە لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان ژمارە (٣٢٥لە ٢٠٢٤/١٠/١٧) بڵاوکراوەتەوە تایبەت بە میکانیزمی دەرهێنانی مۆڵەتی شوفێری و لەبەر ڕوودانی هەڵەی چاپ ، ئەم بەیانی ڕاستکردنەوەمان دەرکرد بەم شێوەیەی خوارەوە :-

**ماددە (١):**

**یەکەم:** ڕاستکردنەوەی بڕگەی (٢)ی ماددەی (٢٥) لە ڕێنمایی سەرەوە بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

٢- نرخی تاقی کردنەوە ی پڕاکتیکی ناو گۆڕەپان یان دەرەکی بۆ مۆڵەتی شوفێری جۆری (A یان B) بڕی (٥٠٠٠) پێنج هەزار دینار دەبێت بۆ هەر تاقیکردنەوەیەک .

**دووەم:** ڕاستکردنەوەی بڕگەی (٣)ی ماددەی (٢٥) لە ڕێنمایی سەرەوە بەم شێوەیەی خوارەوە دەخۆێندرێتەوە :-

٣- نرخی تاقی کردنەوەی پڕاکتیکی دەرەکی بۆ مۆڵەتی شوفێری جۆرەکانی دیکە جگە لە (A یان B) بڕی (٢٥٠٠٠) بیست وپێنج هەزار دینار دەبێت بۆ هەر تاقیکردنەوەیەک .

**ماددە (٢):** ئەم بەیانە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی داد**
**ژمارە: ٦١٠٥ لە ٢٠٢٤/١١/١٩**

**بەیانی ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٢٤**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٩) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە(١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، و دوا بەدوای بەیانی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی داد پاڵپشت بەنووسراوی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان ژمارە(١٤٥٣١ لە ٢٠٢٤/١٠/٢٨) تایبەت بە هێنانەکایەی دووەم فەرمانگەی(دادنووسی ئێواران لە سەنتەری سلێمانی) لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و رێکخستنەوەی کارگێری بریارماندا بە :-

١- گۆڕینی ناوی(**فەرمانگەی دادنووسی سلێمانی ئێواران**) بۆ (**فەرمانگەی دادنووسی سلێمانی ئێواران/یەک**) .

٢- ناوی (**فەرمانگەی دادنووسی ئێواران لە سەنتەری شاری سلێمانی**) ئەبێتە (**فەرمانگەی دادنووسی ئێواران / دوو**)

٣- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**فەرسەت احمد عبدالله**
**وەزیری داد**

---

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە:

**بەیانی ژمارە (٢٥)ی ساڵی ٢٠٢٤**

- کردنەوەی (نەخۆشخانەی هێتیت گشتی) لە قەزای ئامێدی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆک .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٤/١١/٦.

**د. سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**